# لادانە ڕەفتارییەکانی خوێندکارانی ئامادەیی هۆکار و لێکەوتەکانی توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە خوێندنگە حکومییەکانی شاری سلێمانی

[1]م. ی. بژوێن عمر محمد سعید، [2] پ. ی. د. پەروین ابوبکرمحمد، [3] پ. ی. د. شیلان علی عارف

بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی [1،2]

[3] بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی

[1] bzhwen.mohammed@univsul.edu.iq

[2] Parwin.muhammad@univsul.edu.iq
[3] shelan.arf@univsul.edu.iq

**نووسەری پەیوەندیکار:** م. ی. بژوێن عمر محمد سعید

## پوختە

لادانە ڕەفتارییەکان لە خوێندنگە ئامادەییەکاندا، پرسێکی هەستیارە و کاریگەری لەسەر ژیانی هەرزەکار و پرۆسەی خوێندن هەیە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی لادانی ڕەفتاری خوێندکارانە لە خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری سلێمانی، و دیاریکردنی لادانەکان و پلەبەندییان بەپێی جۆری خوێندنگەکان(کچان،کوڕان). بە بەکارهێنانی تیۆری لەکە و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چۆنێتیە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە، لەهەمان کاتدا داتاکان کۆکرانەوەتەوە لە (١٩) خوێندنگەی حکومی شاری سلێمانی، بە ئامڕازی چاوپێکەوتن، نموونەی توێژینەوەکە توێژەری کۆمەڵایەتی خوێندنگەکانن.

لە گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکە: دیارترین جۆری لادانی ڕەفتاری لە خوێندنگە ئامادەییەکاندا بریتیین لە (لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە لایەنی سۆزداری، لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، وازهێنان لە خوێندن، جگەرەکێشان، نزمی ئاستی زانستی، دەست بڕین و خۆبریندارکردن، بیری خۆکوژی، خۆکوشتن، بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، هاوڕەگەزخوازی)، لە هەمان کاتدا جۆری لادانی ڕەفتاری، جیاوازە بەپێی خوێندنگەی کچان و کوڕان، بەشێوەیەك لادانی ڕەفتاری لای خوێندنگەی کوڕان بریتیین لە (لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە وازهێنان لە خوێندن، جگەرە کێشان)، بەڵام لادانی ڕەفتاری لەخوێندنگەی کچاندا بریتیین لە (لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە بابەتە سۆزدارییەکان، لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە ئابووری، خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا)، زیاتر لەوەش لادانە ڕەفتارییەکان لە خوێندنگەی تێکەڵاو بریتیین لە (لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە پەیوەندی سۆزداری نێوان کوڕ و کچ، جگەرەکێشان، ماددەی هۆشبەر، هەوڵی خۆکوشتن). لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە نەگونجاوی پەروەردەی خێزانی و خراپ بەکارهێنانی سوشیال میدیا لە دیارترین هۆکارەکانی لادانی ڕەفتارین لای خوێندکاران، وەهەروەها لێکەوتەی جۆراو جۆریان هەیە لە سەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی خوێندکاران وەکو ڕەشبینی و خۆبەکەم زانین و گۆشەگیری، تێکەڵنەبوونی لەگەڵ هاوڕێکانی و خێزانەکەی.

**کلیلەکانی توێژینەوەکە:** لادان، لادانی ڕەفتاری، لادانی کۆمەڵایەتی، هەرزەکار، کێشەی کۆمەڵایەتی.

## ١ پێشەکی :

لادانی ڕەفتاری لە نێوان خوێندکاران لە خوێندناگەکاندا وەکو یەکێک لە بەرچاوترین ئاستەنگەکانی بەردەم کۆمەڵگەکان سەری هەڵداوە. ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆجی و زانستیانەی کە لە جیهانی هاوچەرخدا شاهیدی بووین، فراوانبوونی بەرفراوانی تەکنەلۆجای زانیاری و ڕۆڵ و کاریگەری میدیای مۆدێرن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکاری خێرایان لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و سیستمی بەهادا هێناوەتە ئاراوە. دامەزراوەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکان نەیان توانیوە خۆیان لەگەڵ خێرایی گۆڕانکارییەکان بگونجێنن و ڕێوشوێنی خۆپارێزی دەستبەجێ پێشکەش بکەن (الحربي، ٢٠٢٠:٢١٦). لادان لە ناو توێژی هەرزەکاراندا بەربڵاوە، وەك هەستیارترین قۆناغی ژیانی تاکەکەس، چونکە تیایدا هەرزەکار بە کۆمەڵێك گۆڕانکاری فسیۆلۆجی و دەرونی تایبەتمەندە. زۆرجار هەزرەکاران خۆیان بە ناچاری ڕووبەڕووی کۆمەڵێک دیاردە و ڕەفتاری لادان دەبنەوە، بە تایبەتی لەم قۆناغەدا ئەم فشارانە کاریگەری لەسەر گەشەکردنیان لە لایەنە جیاوازەکانی وەکو (جەستەیی، دەرونیی، مەعریفی، سۆزداری و کۆمەڵایەتیەکانەوە) هەیە، هەندێك لە توێژەران پێیان وایە کاریگەری ئەم ئەزموونانە بەتایبەت ئەو ئەزمونانەی کە ئازاربەخشن، بە خێرایی کاریگەریان لەسەر گەشەی جەستەیی و مەعریفی دەبێت و تەنانەت لێکەوتەی کۆمەڵایەتیشیان هەیە، دواتر

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12329]
- **Submission Date:** [22/02/2026], **Revised Date:** [24/02/2026], **Accepted Date:** [12/4/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

دەگۆڕێت بۆ شێوازی لادان ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی بەشداری ڕەفتاری لادان بکەن، ئەمەش بە چەندین شێوە دەردەکەوێت، لەوانە (جگەرەکێشان، دزی، توندوتیژی، شەڕانگێزی، ئازاردانی سێکسی و جۆرەکانی تری لادان) (المغربي، ٢٠٢٥:٦٥).

خوێندنگە وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی لە دوای خێزانەوە هەرزەکاران تیایدا کاتێکی زۆر بەسەر دەبەن، وەکو چۆن خێزان ڕۆڵی لە دروستکردنی کەسێتی و فێرکردنی بەها و ئاراستەکردنی ڕەفتاری تاکدا هەیە، لە هەمانکاتدا خوێندنگەش لە ڕێگەی مامۆستایان و پەروەردەکاران و ڕێنماییکارە دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، ڕۆڵی لە دروستکردنی کەسێتی هەرزەکار و گەشەکردنی تواناکانیدا دەبێت، ئەمەش لێکەوتەی لەسەر پەیڕەوکردنی بەها و نۆرمەکانی کۆمەڵگە هەیە. خوێندکاران لە خوێندنگەکاندا بەهۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجیەکانەوە ڕووبەڕووی لادانی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، زیاتر لەوەش دایک و باوکان بەهۆی سەرقاڵیان بە کارەوە کاتی زۆریان نییە هەتاوەکو بەردەوام چاودێری منداڵەکانیان بکەن، جگەلەوەی ئەوەی ئێستا کارلێکی زۆر لەگەڵ تەکنەلۆجیا و پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیال میدیا دەکەن، بۆیە لادانە کۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگە ئامادەییەکاندا زیادیکردووە، لە دیارترین لادانە ڕەفتارییەکانی هەرزەکار لە خویندنگەکاندا بریتیین لە (بەکارهێنانی مۆبایل، سۆزداری، دڵڕاوکێ، جگەرە کێشان، ڤەیپ، نیرگەلە کێشان، ڕەفتاری شەڕانگێزی، لاوازی ئاستی زانستی، درەنگ خەوتن، دەست بڕین، بیری خۆکوژی، هاوڕەگەزخوازی...)، لە ئێستادا بەگشتی هۆکاری لادانە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی خێزان و سۆشیال میدیا، هەروەها چەندین لێکەوتەی دەرونی و کۆمەڵایەتی لەسەر خوێندکار دروست دەکات وەکو گۆشەگیری و ڕەشبینی و خۆبەکەم زانین.

## ١.١ کێشەی توێژینەوە:

بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕوویداوە، دامەزراوە پەروەردەییەکان بەگشتی و خوێندنگە ئامادەییەکان بە تایبەتی ڕووبەڕووی چەندین لادانی ڕەفتاری لە نێوان خوێندکاراندا بوونەتەوە، پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای وەڵامی:

١. ئایە ئەو لادانە ڕەفتارییانەی لە خوێندنگەکاندا هەن چین؟

٢.جۆری لادانە ڕەفتارییە بەربڵاوەکان لە خوێندنگەکاندا بەپێی جۆری خوێندنگەکان(کوڕان/کچان) چین؟

٣.هۆکاری لادانە ڕەفتارییەکان لە خوێندنگە ئامادەییەکاندا چین؟

٤. لێکەوتەی لادانە ڕەفتارییەکان لەسەر خوێندکار و ژینگەی خوێندنگە چین؟

## ١.٢ ئامانجی توێژینەوە:

١. دەرخستنی لادانە ڕەفتارییەکان لە خوێندنگەکاندا.

٢. خستنە ڕووی جۆری لادانە ڕەفتارییە بەربڵاوەکان بەپێی جۆری خوێندنگەکان.

٣.دەرخستنی هۆکارەکانی لادانە ڕەفتارییەکان.

٤. دەرخستنی لێکەوتەی لادانە ڕەفتارییەکان لەسەر خوێندکار و ژینگەی خوێندنگە.

## ١.٣ گرنگی توێژینەوە:

دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەگشتی سودی بۆ بەڕێوەبەر، مامۆستایانی پەروەردە، و توێژەر و ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە خوێندگە ئامادەییەکاندا گرنگە، لەهەمان کاتدا بۆ دایک و باوک و دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەش گرنگە، یارمەتیدەرە بۆ ناسینی ژینگەی پەروەردەیی و کاراکردنی پرۆسەی فێربوون. وە هەروەها سەرچاوەیەکە بۆ زانیاری دەربارەی لادانەکان و جۆری لادانەکان و هۆکار و لێکەوتەیان لە خوێندنگە ئامادەییەکاندا.

## ١.٤ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

## ١.٥ کلیلەکانی توێژینەوە:

### ١.٥.١ یەکەم: لادان الانحراف Deviance

لادان بریتییە لە شێوازەکانی کردار بەشێوازێک لەگەڵ نۆرم و ئەو بەهایانەدا ناگونجێت کە زۆربەی ئەندامانی گروپێك یان کۆمەڵگەیەک پەیڕەوەی دەکەن، ئەوەی بە لادان سەیر دەکرێت، بە شێوەیەکی بەرفراوان گۆڕاوە لە ڕووی ئەو نۆرم و بەهایانەی کولتوور و وردە کولتوورەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە، زۆرێك لە جۆرەکانی ڕەفتار لە لایەن گروپێکەوە ڕێزێکی زۆریان لێدەگیرێت، لە هەمانکاتدا لە لایەن کەسانی دیکەوە بە نەرێنی سەیر دەکرێن (Giddens, 2009:1116). لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە ئەو ڕەفتارانەن ناتەبان لەگەڵ نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانداو لە هەموو کۆمەڵگەکاندا ئامادەییان هەیە، بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکدا گروپە کۆمەڵایەتییەکان تیایدا زۆربن، یاخود نۆرمەکانی جیاوازبن و بەریەککەون، یان خۆگونجاندن لەگەڵ نۆرمەکانی گروپێکی بچووک کە جیاوازە لەگەڵ نۆرمەکانی گروپێکی کۆمەڵایەتی باڵادەست، دەرئەنجامی لادان لەم نۆرمانە جیاوازن، لە پەسەندنەکردن و دورخستنەوە تا زیندانیکردن، یان تەنانەت دەبێتە هۆی نەخۆشی دەرونی (غیث، ٢٠٠٦:١١٤). زیاترلەوەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕەفتارانەی لەگەڵ نۆڕمە کۆمەڵایەتییەکاندا بەریەکدەکەون، بۆ نموونە جگەرەکێشان، بە پێی نۆڕمەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی بە لادانی ڕەفتاری دادەنرێت، هەرچەندە نۆڕمەکان بە پێی ژینگە و سەردەم دەگۆڕێت (دورتیە، ٢٠٠٩:١٠٠).

مەبەستی توێژەران لە چەمکی لادان لە توێژینەوەکەدا: لادانی ڕەفتاری خوێندکارانی ئامادەییە لە نۆڕم و بەهاکانی کۆمەڵگە.

### ١.٥.٢ دووەم: لادانی ڕەفتاری الانحراف السلوکي Deviant behavior

لادانی ڕەفتاری ئەو ڕەفتارانەن دژ یان ناکۆکن لەگەڵ نۆرمە پەسەندکراوە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی گروپێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە. هەروەها ڕەفتاری ئاسایی جیاوازە لە ڕەفتاری لادان، ڕەفتاری لادان هێرشکردنە سەر بەها باوەکانی کۆمەڵگەیە (الفار،

١٦٨). یان ئەو ڕەفتارانەن دەکەونە دەرەوەی نۆرمە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کە سیستمێکی کۆمەڵایەتی یان یەکێك لە گروپەکانی لەسەر دامەزراون (مدكور، ٣١٨:١٩٧٥). هەروەها ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ هەر ڕەفتارێك لەگەڵ نۆڕم و چاوەڕوانییەکانی ڕەفتاری تاکەکەسیدا ناگونجێن، لە ڕابردوودا لادانی ڕەفتاری وەکو دەرئەنجامی کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و شکستهێنان لە سنوردارکردنی دەربڕینی تاکەکان و پاڵنەرە سروشتییەکان بیریلێکراوەتەوە، سەبارەت بە کۆمەڵناسی مۆدێرن، ڕەنگە ڕێژەی بەرزی لادانی ڕەفتاری لە ئەنجامی سنورداربوونی گەیشتن بە ڕێگا ڕەواکانی بە دەستهێنانی سەرکەوتن و فشارێکی زۆر بێت لەسەر تاك بۆ پەیڕەوکردنی ئامانجە کۆمەڵایەتییە پێناسەکراوەکان، توێژینەوە مۆدێرنەکانی لادانی ڕەفتاری بە گشتی گرنگی بە شیکردنەوەی لادانە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن وەکو (تاوان، خۆکوشتن، ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی، ململانێی ڕەگەزی، تێکچونی هاوسەرگیری و هتد) (ILyas, 1989:37).

مەبەستی توێژەران لە چەمکی لادانی ڕەفتاری لە توێژینەوەکەدا: ئاماژەیە بۆ ئەو ڕەفتارە نائاساییانەی ناگونجێت لەگەڵ بەها و نۆڕمەکانی کۆمەڵگە وەک (هاوڕەگەزخوازی، جگەرەکێشان، بیری خۆکوژی، ئالودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، زۆربەکارهێانی موبایل، دەستبڕین، بابەتە سۆزدارییەکان...).

## ١.٥.٣ سێیەم: لادانی کۆمەڵایەتی الانحراف الاجتماعي Social Deviance

لادانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هەر ڕەفتارێک نەگونجێت لەگەڵ چاوڕوانییە گشتییەکان و پێوەرەکانی ڕەفتاری تاکەکەسیدا کە لە چوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا دامەزراون (غيث،١١٦:٢٠٠٦). هەروەها هەر ڕەفتارێکە نەتوانێت لەگەڵ پێوەری دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت، بە لەبەرچاوگرتنی پابەندبوون و سوربوون لەسەر لادانەکە، لە ژێر ڕۆشنای زاراوەی پلە واتە پلەی بڵاوبوونەوە و پلەی توندییەکەی لێکدەدرێتەوە، جگەلەوەش لادان لە نۆرمێکی دامەزراو لە کۆمەڵگەدا لە ژێر ڕۆشنای پلەی لادان شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، جیاوازییەکی گەورە هەیە بەپێی کولتوورە جیاوازەکان (غيث،٢٠:٢٠٠٦)، بەشێوەیەکیتر ڕەفتارێکە لە یاسا و چاوەڕوانییەکانی کەسانی تر لە کۆمەڵگەدا لادەدات و لادانەکە ڕووبەڕووی سزا و دژایەتی دەبێتەوە، لەکاتێکدا کردەیەک کاتێک بە لادان دادەنرێت کە کەسانی تر بەو شێوەیە هەستی پێبکەن، لەکاتێکدا لادان، سروشتی خودی ڕەفتارەکە نییە، بەڵکو دەرئەنجامی وەڵامدانەوەی ئەوانی دیکەیە بۆ ڕەفتارەکە لە چوارچێوەی کارلێککردندا، زیاتر لەوەش ئاماژەکردنێکە وەکو لەکەیەك (Labeling) بە لادەر دەبەسترێتەوە بۆ ئەو ڕەفتارانەی کە لەلایەن کەسانی دیکەوە چاودێری دەکرێن (السيد، ٥١:١٩٩٧). هەروەها (جورج لندبرج، **George A. Lundberg**) پێی وایە کێشەی کۆمەڵایەتی، هەر ڕەفتارێکی نەشیاوە سنوورە قبوڵکراوەکانی کۆمەڵگا تێپەڕێنێت، و ئەو جۆرە ڕەفتارانەش ئەو سنوورانە تێدەپەڕێنن دەبێتە هۆی کردەوەی گشتی (غيث، ٢٠).

مەبەستی توێژەران لە چەمکی لادانی کۆمەڵایەتی لە توێژینەوەکەدا: ئاماژەیە بەڕەفتاری تاکەکەسی یان دەستەجەمعی کە نەریت و بەها کۆمەڵایەتییە باوەکان پێشێل دەکات، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی قبوڵنەکراوە و زۆر جاریش نایاساییین، هەندێکجار دەچنە چوارچێوەی تاوانەوە، هەندێك جاریش بە تاوان حساب ناکرێن وەکو (لادانەکانی پەیوست بە پەیوەندی سۆزداری، بیری خۆکوژی، لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە درەنگ خەوتن، دەستبڕین و خۆبریندارکردن، نزمی ئاستی زانستی، وازهێنان لە خوێندن، تێنەگەیستن لە مامۆستا، کەمبوونەوەی تەرکیز و سەرنجدان، هاوڕەگەزخوازی، جگەرە و ڤەیپ و نێرگەلە کێشان، خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر)، هەندێکجار کاتیە و هەندێکجار درێژخایەنە.

## ١.٥.٤ چوارەم: هەرزەکار المراهق Adolescence

هەرزەکاری بریتییە لە قۆناغی گەشەکردنی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، لە ماوەی دیاریکراوی ژیانی تاکەکەسدا ڕوودەدات، بە تایبەتی قۆناغی کۆتایی هەرزەکاری، تەمەنی نێوان (١٥ بۆ ١٨)ساڵی، ئەم قۆناغە ڕەنگە هەندێك بێزاری یان تەنانەت کێشەیان بۆ دروست بکات، ئەمەش بە هۆی نەبوونی ئەزموونیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژیاندا (قندوسي، ١٢٣:٢٠٢١). پێناسە دەکرێت بە قۆناغێك لە گۆڕانکارییە بایەلۆژییە تەواوەکان، تایبەتمەندە بە هەستکردن بە ئارامی و مەیلی قبوڵکردنی ژیان بە هەموو جیاوازی و ناڕوونییەکانییەوە، لەگەڵ توانای گونجاندن. هەروەها هەرزەکاران لەم قۆناغەدا بە وزەیەکی زۆر و توانای کارکردن و توانای پێکهێنانی پەیوەندی بەرامبەر لەگەڵ کەسانی تر تایبەتمەندن، ئەم پەیوەندیانە مەیلیان بۆ ماوەیەکی درێژ هەیە. تایبەتمەندی تری ئەم قۆناغە بریتیین لە (هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، ئارەزوی یارمەتیدانی ئەوانی تر، حەزکردن بە ڕەگەزی بەرامبەر کە وەک ڕاکێشان و دروستبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا دەردەکەوێت) (سليمة، ١٥٥:٢٠٢١). هەروەها کۆمەڵناسەکان پێیان وایە کە هەرزەکاری وەک قۆناغێکی ژیان سەیر دەکەن کە کۆمەڵگە واز لە بینینی تاک وەکو منداڵ دەهێنێت، لە هەمانکاتدا ئەو پێگە و ڕۆڵ و ئەرکە کۆمەڵایەتییە تەواوانەی پێنادەن کە بە کەسێکی گەورە ئەبەخشرێت (قندوسي، ١٢٤:٢٠٢١).

مەبەستی توێژەران لە چەمکی هەرزەکار لە توێژینەوەکەدا: ئەو خوێندکارانەن تەمەنیان لە نێوان (١٦-١٨) ساڵیدایە.

## ١.٥.٥ پێنجەم: کێشەی کۆمەڵایەتی المشكلات الاجتماعية Social Problems

کێشە کۆمەڵاتەییەکان بریتیین لە لادانی ڕەفتاری پەیوەست بە پەیوەندی تاك بە دەوروبەر و بەها و نۆرم و داب و نەریت و یاسا و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە، لە ژێر ڕۆشنای هەندێك پێوەری یاسایی و ئەخلاقیدا (الدالية، ٧:٢٠١٦)، یان ئەو ڕەفتارانەن کە پشێوی لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا دروست دەکەن، بەشێوەیەک هەڕەشە لە خودی کۆمەڵگە دەکات یان ڕێگری لە خواستی سەرەکی زۆرێك

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12329]
- **Submission Date:** [22/02/2026], **Revised Date:** [24/02/2026], **Accepted Date:** [12/4/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

له تاكەكان دەكات (صباح،٢٠٢٠:١٨)، هەروەها كێشەی كۆمەڵایەتی پێناسە دەكرێت بە حاڵەتێك یان ڕەفتارێک كە لێكەوتەی نەرێنی بۆ ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك دەبێت، بەگشتی وەكو حاڵەتێك یان ڕەفتارێك ناسراوە كە پێویستی بە چارسەر هەیە ( Prilardo, 2010:3).

مەبەستی توێژەران لە چەمكی كێشە كۆمەڵایەتییەكان لە توێژینەوەكەدا: ئەو خوێندكارانە كە لادانی ڕەفتاریان هەیە وەكو (هاوڕەگەزخوازی، جگەرەكێشان، بیری خۆكوژی، ئالودەبوون بە مادده هۆشبەرەكان، زۆربەكارهێنانی موبایل، دەستبڕین، خۆكوشتن، بابەتە سۆزدارییەكان...).

## ٢ توێژینەوەكانی پێشوو:

ئەو توێژینەوانەی لە بواری لادانی ڕەفتاریدا ئەنجامدراون ئاماژە بە لادانی ڕەفتاری دەكەن لە خوێندنگە ئامادەییەكاندا لە نێوان خوێندكارانی ئامادەیدا بە پێی ڕەگەز و پسپۆڕی وێژەی و زانستی، چونكە

قۆناغی هەرزەكاری لە قۆناغە هەستیارەكانی تەمەنە كە هەرزەكار پیایدا تێدەپەڕێت، گۆڕانكاری فسیۆلۆجی و بایۆلۆجی و هەڵچوونی و كۆمەڵایەتی تیایدا ڕوودەدات، كەوا لە هەرزەكار دەكات ڕەفتاری شەڕەنگێزی بنوێنێ بەرامبەر خوێندنگە، ئەگەر بارودۆخێكی دەرونی و ژینگەی گونجاو نەڕەخسێ، چونكە تاكەكەس بە ڕێكەوت ڕەفتاری شەڕەنگێزی نانوێنیت، لەگەڵ ئەوەشدا لادانی ڕەفتاری كێشەی دەرونی و كۆمەڵایەتی و پەروەردەی مەترسیدار دروست دەكات (العیسوي، ٢٠٠٧:٣٦). لە كاتێكدا قۆناغی ئامادەیی هاوشانە لەگەڵ قۆناغی هەرزەكاری، تایبەتمەندە بە حاڵەتێكی ناجێگر و ناهاوسەنگ و دەركەوتنی هەندێ كێشەی ڕەفتاری، بەتایبەت قۆناغی هەرزەكاری سەرەتایی، قۆناغێكە لە نێوان منداڵی و پێگەیشتوویدا كە هەرزەكار ئاراستە و توانا و بەها و كارامەییە كۆمەڵایەتییەكانی دەگوازێتەوە بۆ تەمەنی پێگەشتوی (الغول، ٢٠١٩- ٢٠٢٠)، ڕەفتاری شەڕەنگێزی خوێندكاران واقعێكی ناو خوێندنگەكانەو، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، كاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی فێربوون بەجێهێشتووە (المیاحي و الركابي، ٢٠١٣). جیاوازی ئاماری نییە پەیوەست بە ئەوەی هەندێ لادانی ڕەفتاری ببێتە هۆی ڕەفتاری تاوانكاری، جیاوازی ئاماری لە پێوانی لادانی ڕەفتاری قۆناغی ئامادەییدا هەیە، بە پێی گۆڕاوی ساڵانی شارەزایی (دلە و الفاخري، ٢٠٢٢). لە لایەك دیارترین ئەو لادانە ڕەفتارییانەی لە خوێندنگەكاندا هەن، برتیین لە (گزی لە تاقیكردنەوەكاندا، گرنگینەدان بە خوێندن، نەبونی جڵەوگیری لە خوێندنگەدا، نزمی ئاستی خوێندن، قسەكردنی لاوەكی لە پۆلدا، درۆ و نەبونی متمانە بە خود)، لە كەمترینی لادانەكان برێتیین لە (دزیكردن، جگەرەكێشان، گێچەڵی سێكسی) (الغول، ٢٠١٩-٢٠٢٠)، زانینی شێوازەكانی لادانی ڕەفتاری بەپێی ڕەگەزی نێر و مێ، لە دەرئەنجامی توێژینەوەیەكدا دەركەتووە، لادانی ڕەفتاری لای ڕەگەزی نێر برێتیین لە (ئاژاوەگێری لە كاتی بە تاڵدا، نوسین لەسەر دیوار، درۆكردن لەگەڵ مامۆستایان، پشتگوێخستنیی ئەركی خوێندنگە، گوێنەگرتن لەكاتی وانەوتنەوەی مامۆستادا، گزیكردن لەكاتی تاقیكردنەوەدا، بانگكردنی هاوڕێكانیان بە وشەی نەشیاو)، لە كاتێكدا لادانی ڕەفتاری ڕەگەزی مێ برێتیین لە (گزیكردن لە كاتی تاقیكردنەوەدا، نوسین لەسەر دیوار، درۆكردن لەگەڵ مامۆستایان، ئاژاوەنانەوە لە كاتی بەتاڵیدا، مامەڵەی ناشایستە لەگەڵ خوێندكاران)(كجمان،٢٠٢٤ ). زیاتر لەوەش بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆجیاوە، شێوازی جیاواز لە لادانی ڕەفتاری خولقاوە ئەمەش پەیوەستە بە پێشكەوتنی كۆمپیوتەر و دەركەوتنی شێوازێكی نوێ لە توندوتیژی، لەوانە، پەیوەندی تەكنەلۆجیا بە لادانی ڕەفتاری وەكو گزی و خوێندنی ئەلكترۆنی خۆدزینەوەی كەسێتی ئەلكترۆنی، لە ڕەهەندە پەیوەندیدارەكانە بە لادانی ڕەفتاری ئەلكترۆنی (حسین، ٢٠٢٤). لەكاتێكدا خێزان گرنگترین بنەمای پێكهاتی كۆمەڵگەیە و بنەمای سەرەكی پاڵنەری ڕەفتاری تاك و ئاراستەكردنیەتی، تاك لە خێزاندا فێری بنەمای ڕەفتار و شێوازی كارلێک و مامەڵە لەگەڵ ئەوانیتر دەبێت، لە خێزانەوە پێكهاتەی دەرونی و كۆمەڵایەتی تاك دروست دەبێت، توندوتیژی لە خێزانەكاندا زۆرە بەڵام تاكەكەس بەهۆی شاردنەوە و پارێزگاری لە خێزان، گوزارشتی ناكات، یان بەهۆی ترس لە تێڕوانینی خەڵک بۆی و تێگەیشتنی هەڵە، لە خێزاندا توندوتیژی ڕووبەڕوری تاكەكەس دەبێتەوە وەكو توندوتیژی زارەكی و مەعنەوی و جەستەی، كاریگەری لەسەر ڕەفتاری كەسی لادەر لە ڕێگەی كردەوە یان ڕەفتارەوە یان ئازاردانی دایک و باوكەوە هەیە(برهومي، ٢٠٢٣). لادانی ڕەفتاری كاریگەری دەرونی و كۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەر تاك و كۆمەڵگە هەیە، كۆمەڵگەكان بۆ كۆنترۆڵكردنی لادانی ڕەفتاری چەند ئامرازێك لە كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی دەگرنە بەر وەكو (یاسا و میكانیزمی ڕەسمی و پێوەرە نارەسمییەكان وەك بەها و نەریت)(خلف و مجید واخرون، ٢٠٢٥).

زۆربەی توێژینەوەكانی پێشوو لە بواری پەروەردەدا ئەنجامدراون، بوون و ئاستی لادانی ڕەفتاری لە خوێندنگە ئامادەییەكاندا دەخەنەڕوو، كەمتر هۆكار و كاریگەرییەكانی باس دەكەن، زیاتر هۆكارە بایۆلۆجی و گۆڕانكارییە هۆرمۆنییەكان دەبەستنەوە بە بارودۆخە دەروونی و كۆمەڵایەتییەكانەوە لەلادانی ڕەفتاری خوێندكاراندا، میتۆدی وەصفییان بەكارهێناوە، بە فۆرمی ڕاپرسی داتاكانیان كۆكردۆتەوە، شیكاری ئامارییان بۆ كردووە، نموونەی توێژینەوەكان جگە لە توێژینەوەكەی (دلە و الفاخري 2022)، كە ڕێنماییكاری وەرگرتووە خوێندكارانی ئامادەیین یان مامۆستاكانن، لادانە ڕەفتارییەكانیش لە چوارچێوەی پەروەردە و فێركردندان لە سنوری خوێندنگەكاندا.

جیاواز لەوانە، لەم توێژینەوەیەدا، جۆری لادانە ڕەفتارییەكان، و لەهەمان كاتدا لادانەكان بەپێی خوێندنگەی كوڕان و كچان و خوێندنگەی تێكەڵاو، خراونەتەڕوو، هۆكارەكانی لادانی ڕەفتاریش بە بارودۆخی خێزان و خراپ بەكارهێنانی سۆشیال میدیا و بارودۆخی ئابورییەوە گرێدراوە، نموونەی توێژینەوەكەش ڕێنماییكارانی پەروەردەیی خوێندنگە ئامادەییە حكومییەكانن، بە ئامرازی چاوپێكەوتنیش زانیارییەكان كۆكراونەتەوە و بەشێوازی شیكاری بابەتی لێكدانەوە بۆ زانیارییەكان كراوە و دەرئەنجامەكانیشی كۆمەڵێك لادانی ڕەفتاری جیاوازن بەپێی جۆری خوێندنگەكان، زیاتر لەوەش هۆكارو لێكەوتەی لادانە ڕەفتارییەكان بەپێی كۆمەڵگەی توێژینەوەكە باسكراون.

## ٣ خستنەڕووی تیۆرەکانی پەیوەست بە لادانی ڕەفتاری لای خوێندکارانی ئامادەیی

تێۆری وصم (لەکە) Labeling Theory بە بڕوای زانایانی ئەم تیۆرییە، کۆمەڵگە لەڕێگەی وەڵامی کردارێک نەك خودی ڕەفتارەکە لادان دیاری دەکات. واتە کاتێك ڕەفتاری خەڵک لە نۆرمە باوەکان جیادەکرێتەوە و زنجیرەیەک کاردانەوەی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. تاکەکانی تر هەڵسەنگاندن بۆ ڕەفتارەکە دەکەن و ناوێکی لێدەنێن. پاشان سەرپێچیکارانی نۆرم ئەم نازناوانەی دەخەنە سەر بەو شێوەیەی کە کردارەکانیان لە قاڵب دەدەن، لە زۆربەی حاڵەتەکان ناسنامەیەك گەشە پێدەدەن کە گونجاوە لەسەر پیشەیەکی لادان (Hughes et. al, 2011, p:150). ئەم تیۆرییە ڕێبازێکی کۆمەڵناسی جیاواز پێشکەش دەکات کە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی نیشانەی (Lable) کۆمەڵایەتی لە پەرەسەندی تاوان و لادان. تیۆرییەکە وا دادەنێت هەرچەندە هەڵسوکەوتی لادان لە سەرەتادا لە هۆکار و بارودۆخی جۆراوجۆرەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام کاتێك تاکەکان بە لادەر ناو دەبرێن یان پێناسە دەکرێن، زۆرجار ڕووبەڕووی کێشەی نوێ دەبنەوە بەشێوەیەک لە کاردانەوەی خۆیان و ئەوانی ترەوە سەرچاوە دەگرن، بەرامبەر بە چەشنە چەقبەستوویە نەرێنییەکان (stigma) کە بە ناوی لادانەکەوە دەبەسترێنەوە (D.Krohn, 2009,p:187)

لە ئێستادا خوێندنگەکان ڕووبەڕووی چەندین لادانی کۆمەڵایەتی دەبنەوە بەهۆی خوێندکارانەوە، وەکو (لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە پەیوەندی سۆزداری، بیری خۆکوژی، دەستبڕین و خۆبریندارکردن، لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە وازهێنان لە خوێندن، و تێنەگەیستن لە مامۆستا، ، هاوڕەگەزخوازی، جگەرە و ڤەیپ و نێرگەلە کێشان، خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر)، ئەم ڕەفتارانە وەکو لادان یان کێشە لە خوێندنگەکاندا لە لەلایەن مامۆستایان و هاوپۆلەکانیانەوە، سەیردەکرێن، بەجۆرێك ئەو ڕەفتارانە دەبنە لەکەیەک و ڕەفتارەکانیان لە قاڵب دەدەن.

تیۆری کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی Social Control Theory، تیۆرەکانی کۆمەڵناسی هەموویان لە هەوڵی ئەوەدان ڕوونیبکنەوە بۆچی خەڵک لادەدەن، بەڵام تیۆری کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەپرسێت بۆچی خەڵک لانادات، یا خود بۆ چی خەڵک پابەند دەبن ، بەرهەمی بیرۆکەی فەنکشنالیزمە (functionalist) خەڵک پابەند دەبن چونکە تێکەڵن بە دامەزراوە سەرەکییەکان، ئەو دامەزراوانەی کە بە باشی کاردەکەن لادانێکی نزمیان دەبێت ( Hughes et. al, 2011, p:151). ئەم تیۆرییە بۆ یەکەمجار لە شێوەی مۆدێرندا لە لایەن تراڤیس هیرسکی (Travis Hirschi) لە کتێبی هۆکارەکانی لادان (Causes of Delinquency) ڕوونیکردەوە، یەکێکە لەو بەرهەمانەی زۆرترین ئاماژەی پێدراوە لە بواری تاوانناسی، کەوتووتە ژێر سەدان تاقیکردنەوەی ئەزموونی. ئەم تیۆرە یەکێکە لە بەربڵاوترین تیۆرەکانی تاوانکاری و هەڵسوکەوتی سەرپێچی(Travis, 2014,p:4). بە پێی تیۆری کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان لە لادان دەپارێزن، یەکێک لە ئەو توخمانە وابەستەبوونە، ئاماژەیە بۆ ئاستی تاک لە هەستیاری بەرامبەر بە بۆچوونی کەسانی دیکە. توخمی دووەمی پابەندبوونە بە ئامانجە ئاساییەکان، وەک ئامانجە پەروەردەییەکان یان پیشەییەکان.

ئەو کەسانەی ئامانجی پیشەیی یان پەروەردەییان بۆ داهاتوو هەیە، ئامادە نابن مەترسی دروستبکەن بۆ لەدەستدانی ئەو ڕێکەوتانەی کە دێنە بەردەمیان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، لە ڕێگەی بەشداریکردن لە ڕەفتاری تاوانکاریدا. توخمی سێیەمی بریتییە لە بەشداریکردن، یان ئەو ڕادەیەی کە کاتەکانی تاک لەلایەن چالاکییە ئاساییەکانەوە بەکاردەهێنرێت. "عەقڵی ساغ" بەشێکە لە تیۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. ئەگەر کاتێکی زۆر لە چالاکییەکانی وەک (کاری قوتابخانە، وەرزش، خولیا، یان کارێک) ئەنجام بدات، هیچ کاتێک نەماوە بۆ تاوانکاری. (Travis, 2014,p:4). دوایین توخمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، باوەڕە بە نۆڕمە تەقلیدییەکان، هیرسکی مشتومڕی کرد لەسەر ئەوەی کە جیاوازی لە نێوان بڕوای خەڵک بە نۆڕمەکان و یاساکان هەیە، کەواتە هەندێک کەس بە ڕێزەوە سەیری نۆڕمی کۆمەڵگە دەکەن، تاوەکو ئەو ڕادەیەی تاك بڕوای بە دروستی ئەخلاقی نۆڕمەکان هەیە، بۆیە ئەگەری لادانیان کەمتر دەبێت (Travis, 2014,p:5).

لە کاتی لادانی ڕەفتاری لە خوێندنگەکاندا مامۆستایان و توێژەرەکۆمەڵایەتییەکان، یارمەتیدەرن بۆ چارەسەرکردنی ئەو ڕەفتارانەی کە خوێندکاران لە خوێندنگەکان ئەنجامی دەدەن، لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی جۆری لادانەکە و، پێشەکەشکردنی ڕێنمای بۆ خوێندکار لەسەر گرنگی بەها و یاساکان لە ژیاندا، هەروەها شێوازی لادان لە یاسا و بەهاکانی کۆمەڵگە و خوێندنگە لێکەوتەکانی لەسەر ژیانیان.

Social Disorganization Theory، بەپێی تیۆری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی، هەندێک شوێن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناڕێکخراون و ڕێژەی تاوان تیایاندا بەرزە، لە کاتێکدا هەندێکی تر کەمتر ناڕێکخراون و ڕێژەی تاوانەکانیان کەمترە. کەواتە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرێت بە ئەوەی کە کۆمەڵگە بێتوانایە بۆ بەدیهێنانی بەها هاوبەشەکانی دانیشتووانەکەی و پاراستنی کۆنتڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر. کۆمەڵگە ڕێکخراوەکان و ناڕێکخراوەکان زۆر جیاوازن، تایبەتمەندی کۆمەڵگە ڕێکخراوەکان بریتیین لە (کۆ دەنگی ناوخۆی لەسەر نۆرم و بەها گرنگەکان، پێکەوە ژیان یان پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دراوسێکان، تێکەڵبوون یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کارلێکی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕوودەدات)، کۆمەڵگە ناڕێخراوەکان بە پێچەوانەوە بەشێوەیەکی ئاسایی پێکەوە ژیان و تێکەڵاوبوون لە نێوان دانیشتواندا کەمە ( T. Cullen et. al, 2014,p:5). بەپێی تیۆرییەکە، ئەم تایبەتمەندیانە گرنگن، چونکە یارمەتیدەرن بۆ پەرەپێدانی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی نافەرمی، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕێگریکردن لە تاوان لەناو کۆمەڵگەکاندا. کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نافەرمی بریتییە لە بازنەی دەستێوەردانی بەکۆمەڵ کە کۆمەڵگە ئاڕاستەی دەکات بۆ کێشە ناوخۆییەکان، لەوانەش تاوان (T. Cullen et. al, 2014,p:5).

لە دوای ساڵی (٢٠٢٣) لە هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی کرانەوە بە جیهانی دەرەوەدا، ئەم کرانەوەیەش هەنگاو بە هەنگاو نەبوو، بەڵکو بازدانێک بوو، هاوکات بەبێ بوونی هۆشیاری لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ئامڕازانەی دەکرێت ئاسانکاری زۆر دروست بکات لە ژیانی تاکدا لەڕووی ئاسانی پەیوەندیکردن بۆ هەموو جێگەیەک یان گەڕان بەدوای زانیاری، لە ئێستادا خوێندنگەکان چەندین لادانی ڕەفتاریان تیادا ئەنجام دەدرێت، وەکو

• **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
• **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12329]
• **Submission Date:** [22/02/2026], **Revised Date:** [24/02/2026], **Accepted Date:** [12/4/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

(جگەرە کێشان، وازهێنان لە خوێندن، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، بەکارهێنانی مۆبایل، درەنگ خەوتن، کێشەی سۆزداری، ڤەیب، دەستبڕین و خۆبریندارکردن، هاوڕەگەزخوازی)، ژینگەی کۆمەڵایەتی لێکەوتەی هەیە، لەسەر ئەو لادانانەی کەلە خوێندنگەکان ئەنجام دەدرێن بەتایبەت خێزان کە دامەزراوەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەیە لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتار و بەها و هەڵسوکەوتی تاک، کاتێك دامەزراوەیەکی وەکو خێزان توشی ترازان و لێکهەڵوەشاندنەوە دەبێت لێکەوتەی دەبێت لەسەر دامەزراوەکانی تر وەکو (خوێندنگە، کۆمەڵگە)، بۆیە لادانەکانی خوێندکار کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی لەسەرە وەکو (جیابوونەوەی دایک و باوک، مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، فەرامۆشکردنی منداڵ، هاوکارنەکردنی دایک و باوك بۆ خوێندنگە، پەروەردەی دکتاتۆری).

## ٤ بەشی دووەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

### ٤.١ کۆمەڵگە و میتۆد و نموونەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری سلێمانی، میتۆدی توێژینەوەکەش بریتییە لە بەکارهێنانی میتۆدی وەصفی شیکاری، وە هەروەها شیکاری بابەتی بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی داتاکان براون و کلارک شەش هەنگاو ئاماژە پێ دەکەن بۆ شیکاری بابەتیانە، کە تیایدا سەرەتا چاوپێکەوتنەکان ترانسکرایب دەکرێت واتا دەنوسرێتەوە و، توێژەر هەڵدەسێت بە خوێندنەوەی چاوپێکەوتنەکان بەوردی و هەندێک لەکلیلە وشەییەکان کە گرنگە دیاری دەکات پاشان کۆدی چاوپێکەوتنەکان دەکات و لە هەنگاوی دواتر چەند ثیمیک واتا بابەتێک هەڵدەبژێرێت و، پێداچوونە دەکات بە کۆد و بابەت و داتاکاندا، بۆ ئەوی بابەتەکان بە شێوازێکی ورد وزانستیانە دیاری بکرێت، لە کۆتاییدا نەخشەی بابەتەکان و داڕشتنەوەیان بە شێوازێکی زانستی ئەنجام دەدرێت ( Braun and Clarke,s ,2006).ئەم هەنگاوانە بە مەبەستی شیکردنەوەی زانستیانە و تێگەیشتن لە لادانە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکارەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر خوێندکار، لەڕێگەی گروپێک لە خوێندکارانی قۆناغی دووەمی ساڵی (٢٠٢٢) بە ئامرازی چاوپێکەوتن زانیارییەکانمان کۆکردۆتەوە، نموونەی توێژینەوەکەش توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری سلێمانین، کە پێکهاتووە لە (١٩) توێژەر. ئەم ژمارەیە نموونەیە لە توێژەری کۆمەڵایەتی، وەڵامی پرسیارەکانیان بەشێوەیەکی قووڵ داوتەوە و توێژەران لەکاتی بوونی هەر نا ڕوونێک لە زانیاریەکاندا گەڕاونەتەوە و زیاتر پرسیاریان کردوە، دوای ئەوی تێربوون دروست بووە و هیچ پرسیارێکی نوێ دروست نەبووە، کە پێویستی بە چاوپێکەوتنی زیاتر بێت توێژەران گەیشتوونەتە قۆناغی تێربوون وپڕ وەڵامبوون، بۆیە لێرەدا ١٩ توێژەرەکە ئەو تێربوونیان دروست کردوە و هیچ پرسیارێکی نوێ دروست نەبووە کە پێویستی بە چاوپێکەوتنی نوێ بێت. ( Moore, O. A., Aguinis, H., & (Darden, T. R. 2026

## ٥ بەشی سێیەم: خستنەڕووی لادانە ڕەفتارییەکانی خوێندکارانی ئامادەیی

خوێندکاران لەم قۆناغەدا بە قۆناغێکی گرنگدا تێدەپەڕن کە تەمەنیان نێوان (١٦-١٨) ساڵیدایە، چەندین حەز و ئارەزوو و پێداویستیان هەیە، پێوستیان بە ڕێنمایی لە لایەن دایک و باوک و مامۆستایانەوە هەروەها ڕووبەڕووی چەندین لادان دەبنەوە وەکو لادانی (لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە بابەتی سۆزداری، بەکارهێنانی مۆبایل، جگەرە کێشان، ڤەیپ، نیرگەلە کێشان، ڕەفتاری شەڕانگێزی، لاوازی ئاستی زانستی، لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە درەنگ خەوتن، دەست برین، هاوڕەگەزخوازی)، دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا لادانە ڕەفتارییەکانی خوێندکارانی ئامادەیی بخەینە ڕوو کە بریتیین لە:

### ٥.١ یەکەم: لادانە کۆمەڵایەتییەکان

زۆربوونی لادانە کۆمەڵایەتییەکان لە خوێندنگەکان لێکەوتەیان لەسەر ژینگەی فێربوونی خوێندکاران هەیە، چەندین لادانی کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەکان هەیە کە بریتیین لە (لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە لایەنی سۆزداری، خراپ بەکارهێنانی مۆبایل)، لەم بارەیەوە توێژەرێك بەناوی (ی.م) دەڵێت: "کێشەی خوێندکار بەپێی قۆناغی دیراسی و قۆناغی خوێندنگە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئێمە لەبەرئەوەی قۆناغی (١٠ بۆ ١٢) یە واتە ئامادەیین، قۆناغی هەرزەکارییە، ئەگەر خوێندنگەیەک هەر کوڕ بێت جۆری کێشەکان جیاواز دەبین وەکو ئەوەی تێکەڵ بێت، جۆری کێشەکان ئەگۆڕێت، تەبعەن ئاستی دارایی و شوێنی دانیشتنی کەسەکە وەک گەڕەک یا شار و جۆری پەروەردە و ئاستی بژێوی خێزانەکان و ئاستی ڕۆشەنبیری خێزانەکان، هەمووی ڕۆڵی هەیە لەسەر جۆری لادانەکان". هەروەها توێژەرێك بەناوی (ن.ز) دەڵێت: "لادانە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن یەکێك لەوانە لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە بابەتی سۆزداری ".

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە کێشەکانی خوێندنگەکان لێکەوتەیان لەسەر ژینگەی خوێندنی خوێندکار هەیە، کێشەکان بە پێی ئەو قۆناغەی خوێندکار پێدا تێپەر دەبێت جیاوازە و، هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری و ئابووری و شوێنی نیشەتجێبوونی خێزانەکان هۆکارن بۆ جیاوازی کێشەکان و، دروستکردنی ژینگەی فێربوون پێوستی بە هاوبەشی لە نێوان پەروەردەکاران و خێزان و خوێندکاران هەیە.

#### ٥.١.١ لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوست بە لایەنی سۆزداری

پەیوەندی سۆزداری بریتییە لە پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز واتە نێر و مێ، کە لە تەمەنی هەرزەکاریدا جۆرێک لە ڕاکێشانی سۆزداری هەیە بۆ ڕەگەزی بەرامبەر، ئەمە یەکێکە لە لادانە دیارەکانی خوێندنگە ئامادەییەکان، لەبەرئەوەی لە تەمەنی هەرزەکاریدان، و وابیردەکەنەوە کە گەورە بوون پێوستە کەسێک هەڵبژێرن بۆ خۆیان، یان بوونی ڕەگەزی بەرامبەر شتێکی زۆر گرنگە و پێوستە هەبێت، لەم بارەیەوە توێژەرێك بەناوی (س.ل) دەڵێت: "لە ئێستادا بە دەرەجەی یەك پەیوەندی نێوان خوێندکارانە چونکە زۆر جار ئەو پەیوەندییە دواجار کێشەی لێدەبێتەوە، با بڵێن

جیابوونەوەی دوو خوێندکارەکەی لێدەبێتەوە خێزانەکانیان پێدەزانن"، توێژەرێك بەناوی (ع.ف) دەڵێت: "کێشەی سۆزداری بەرزترین کێشەیە لە خوێندنگا ئامادەییەکان و لە خوێندنگەی ئێمەش"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (چ.ج) دەڵێت: "کێشەی سۆزداری گەورەترینە و باوترینە لەناو قوتابیان"، لەلایەکی ترەوە توێژەرێك بەناوی (و.ف) دەڵێت: "خوێندکارم هەبووە خوێندکاری ڕەگەزی مێ ئیلاقەی لەگەڵ کوڕ هەبووە تاگەیشتۆتە ڕادەی دووگیان بوون، کچەکە لێرە بووە و کوڕەکەش لە دەرەوە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ز.س) دەڵێت: "لادانەکانی پەیوەست بە لایەنی سۆزدارییەکان لە پلەی یەکەمە"، دواتر توێژەرێك بەناوی (ن.ز) دەڵێت: "کێشەی سۆزداریمان هەیە و زیاتر پەیوەندی نێوان کوڕ و کچە"، پاشان توێژەرێك بەناوی (ب.د): "زۆربەی خوێندکارەکان کێشەی سۆزداریان هەیە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ن.ع): دەڵێت: "کێشەی سۆزداریان هەیە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ن.أ) دەڵێت: "کێشەی سۆزداریان هەیە، بەڵام لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە ژوان ئەبەستن"، پاشان توێژەرێك بەناوی (ز.س): "کێشەی سۆزداریان هەیە کە بەهۆی مۆبایلەوە دروست ئەبێت".

قۆناغی هەرزەکار قۆناغیکی هەستیارە و، حەز و ئارەزووی بایەلۆجیان هەیە، بەهۆی گۆڕانکارییە هۆرمۆنییەکان، ئەمەش توشی کێشەی ئارەزووی سۆزداری و حەز و خۆشەویشتی و دڵداریان دەکات، ئەمەش کێشەیان بۆ دروست دەکات، لە لایەنی زانستی و لایەنی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە، هەر یەکە لە خێزان و کۆمەڵگە داواکاری جیاوازیان هەیە بۆ گەنجەکەو، بوونی حەز و ئارەزووەکانی خۆشی، خوێندکارەکە توشی ململانێی ناوەکی دەکات.

## ٥.١.٢ هاوڕەگەزخوازی

هاوڕەگەزخوازی بریتییە لە پەسەندکردنی سێکسی هەمان ڕەگەز ( Same Sex)، ئەم پەسەندکردنە دەتوانێت لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە ڕووبدات، وەکو ڕەفتار، سەرنجڕاکێشان، ئارەزوو و خەیاڵ، ناسینەوەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئاڕاستەی سێکسی و وروژاندنی فسیۆلۆجی (Metrado, 2023:1). هەروەکو توێژەریك بەناوی (ی.م) دەڵێت: "هاوڕەگەزخوازی هەیە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ن.ز) دەڵێت: "کێشەی هاوڕەگەزخوازیمان هەیە لەناو مەکتەبدا"، دواتر توێژەرێك بەناوی (ن.ع) دەڵێت: "کێشەی هاوڕەگەزخوازیمان هەیە".

بەهۆی کرانەوەی هەرێمی کوردستاندا بە جیهانی دەرەوە لە ڕووی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا وایکردووە، چەندین کولتووری جیاواز بێتە ناو ژیانی خەڵکەوە، ئەمەش لێکەوتەی لەسەر ژیانی هەرزەکاران هەیە، لەوانەش هاوڕەگەزخوازییە، بۆتە حاڵەتێك لەناو خوێندنگەکاندا.

## ٥.١.٣ جگەرە و ڤەیپ و نێرگەلە کێشان

جگەرەکێشان دەکرێت وەکو ژەهراوییبوونی کیمیایی پێناسە بکرێت، توانای ئەوەی هەیە کاریگەری زیان بەخش یان توند یان درێژ خایەن لەسەر پێکهاتە جیاوازەکانی جەستە دەبێت وەکو مەترسیەکانی دڵ و خوێنبەرەکان، کۆئەندامی هەناسەدان ( Leone et..al, 2010:2510). لەم بارەیەوە توێژەرێك بەناوی (ک.ە)دەڵێت: "جگەرەکێشان و نێرگەلە کێشان و کێشانی ڤەیپ لە قوتابخانەدا ئەمە بە عام لە قوتابخانەی کوڕاندا هەیە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ش.ن) دەڵێت: "بە حوکمی ئەوەی کە خوێندنگەکە تەنیا کوڕانە ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان ئەبێتەوە گشتیە وەکو جگەرە خواردن و نێرگەلەخواردن ئەم دوو کێشەیە زۆر زەقە لەم خوێندنگەدا"، هەروەها توێژەرێکی تر بەناوی (م.ع) دەڵێت: "کێشانی جگەرە لەناو کوڕاندا هەیە"، دواتر توێژەرێك بەناوی (د.ل) دەڵێت: "دیاردەی جگەرەکێشان و نێرگەلە کێشان لە ناو کوڕاندا هەیە"، پاشان توێژەرێك بەناوی (س.ل) دەڵێت:"لە ناو خوێندکارە کوڕەکاندا زۆربڵاوبۆتەوە جگەرەکێشان"، دواتر توێژەرێك بەناوی (چ.ن) دەڵێت: "(٥ بۆ ٦) خوێندکاری کچمان هەیە ئاگادارین لە تەوالیەتەکاندا دەیکێشن وە ئەزانین کێن"، هەروەها توێژەریکی تر بەناوی (ی.م) دەڵێت: "گرفتی ئیدمانەکان مەسەلەن چەند کەیسێکی جگەرە کێشانمان هەیە، نێرگەلەی ئەلیکترۆنی ئەوەشمان زۆرە".

جگەرەکێشان و ڤەیپ و نێرگەلە کێشان دەکرێت چەندین لێکەوتەی تەندروستی لەسەر جەستە دروست بکات، جگەرە کێشان لە خوێندنگەی کوڕان زۆرە و وەکو حاڵەت سەیر ناکرێت، هەروەها خوێندکارانی کچیش جگەرە دەکێشن، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر تەندروستی خوێندکاران.

## ٥.١.٤ مادەی هۆشبەر

مادەی هۆشبەر بە مادەی سروشتی و کیمیایی پێناسە دەکرێن، دەبێتە هۆی تێکچوونی هۆشیاری و ژەهراوییبوونی کۆئەندامی دەمار، مادە هۆشبەرەکان وەکو (حەشیش، هیرۆین، کۆکاین، تلیاک، ماریجوانا و دەرمانی هێورکەرەوە)، کاریگەری دەرمانەکە لەسەر جەستە لە ئەنجامی دووبارە بەکارهێنانی دەرمانەکەوە دروست دەبێت، دەبێتە هۆی ئالوودبوون بەجۆرێک زیان بە تەندروستی جەستەی و دەرونی تاك و کۆمەڵگە دەگەیەنێت (المشاقية، ٢٣:٢٠٠٧). هەروەکو توێژەرێك بەناوی (س.ل) دەڵێت: "دەرمان بەکارهێنان واتە مادەی بێهۆشکەر، ئەمەش وا دەکات خوێندکارەکە ئاگای لە وانەکان نەبێت یان نەچێتەوە بۆ خوێندنگە بە هۆی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر"، پاشان توێژەرێك بەناوی (د.ل) دەڵێت: "حاڵەتی مادەی هۆشبەرمان هەیە".

کێشەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر پرسێکی گرنگە لە خوێندنگەکان، کاریگەری خراپی لەسەر سەلامەتی و تەندروستی خوێندکاران هەیە.

## ٥.١.٥ بیری خۆکوژی و خۆکوشتن

بیری خۆکوژی پێناسە دەکرێت بە بارودۆخێکی دەرونی کە تاك بە هۆی فشار یان کێشەیەکەوە یان زۆر بیرکردنەوە توشی دەبێت، بە شێوەیەک یەکێکە لە بابەتە هەستیار و گرنگەکان و پێوستی بە چارەسەرکردن هەیە، بەتایبەت لە ناو هەرزەکاراندا، هەروەها گرنگە لە پێوستییەکانی هەرزەکار تێبگەین بۆ تەندروستی دەروونی و خۆشگوزەرانییان، هەروەکو توێژەرێك بەناوی (د.ل) دەڵێت: "حاڵەتمان هەبووە بیرکردنەوەی خۆکوژی هەیە"، لە لایەکی ترەوە توێژەرێك بەناوی (پ.د) دەڵێت: "دایکی خوێندکارێک هاتووە خوێندکارەکە توشی کێشەیەك بووە لە ڕێگەی هاوڕێیەکیەوە کە پەیوەندیمان هەیە بۆ ئەوی باس کردبوو ئەویش بە منی وت کە ئەیەوێت خۆی بکوژێت"، دواتر توێژەرێك بەناوی (ع.ف) دەڵێت:


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12329]
- **Submission Date:** [22/02/2026], **Revised Date:** [24/02/2026], **Accepted Date:** [12/4/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

"توێژەر ڕێگەی لە خۆکوشتنی (٦) خوێندکار گرتووە"، پاشان توێژەرێك بەناوی (ن.ز) دەڵێت: "بیری خۆکوژی هەبووە".
بیری خۆکوژی لە تەمەنی هەرزەکار و گەنجاندا پرسێکی جدی و قوڵە، ئەم بیرکردنەوانەش بە بیرۆکەی خۆکوژیش ناسراون، چەندین پاڵنەر هەیە کەوا لە خوێندکار دەکات کە بیری خۆکوژی هەبێت لەوانە (فشاری خێزانی، فشاری خوێندن، بێهیوایی).
زاراوەی خۆکوشتن بۆ هەموو حاڵەتەکانی مردن بەکاردەهێنرێت، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی کردەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی لە لایەن قوربانیەکەوە خۆیەوە ڕوودەدات، دەزانێت ئەم کردەیە ئەم ئەنجامەی دەبێت (Brozand, 2015:86)، لەم بارەوەیە توێژەرێك بەناوی (د.ل) دەڵێت:" بەڵێ خۆکوشتنمان هەبووە"، پاشان توێژەرێکی تر بەناوی (و.ف) دەڵێت: "خۆکوژی حاڵەتە لەم خوێندنگایە".
خۆکوشتن لە لایەن هەرزەکارانەوە ، لە کاتی بوونی فشار کۆمەڵایەتی ڕوودەدات بەشێوەیەك کاتێك ناتوانن چارەسەری کێشەکانیان بکەن یان چۆن ڕووبەڕووی فشار ببنەوە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن.

### ٥.٢ دووەم: لادانەکانی ڕەفتاریەکانی پەیوەست بە باری دەروونیی

لادانەکانی پەیوەست بە باری دەروونیی بریتیین لە بارودۆخێکی دەروونیی کە چەند حاڵەتێک دەگرێتەوە وەکو نارەحەتییەکی بەرچاو، تێکچوونی کارکرن، زیان گەیاندن بە خود، دڵەراوکێ و نەخۆشی خەمۆکی، هەروەکو توێژەرێک بەناوی (و.ف) دەڵێت: " **لادانە ڕەفتارییەکانی پەیوەست بە باری دەروونیی لە دیارترین کێشەکانە وەکو دڵەڕاوکێ و خەمۆکی**". لادانەکانی پەیوەست بە باری دەروونیی یەکێکن لە کێشەباوەکانی جیهانی ئەمڕۆ، کە ڕووبەڕووی خوێندکاران دەبێتەوە، کاریگەری لەسەر دابەزینی ئاستی زانیاری خوێندکار دروستدەکات، لەوانەش:

### ٥.٢.١ دڵەڕاوکێ

دڵەڕاوکێ حاڵەتێکی دەرونییە کە نیگەرانی و ترسی زۆر لە خۆ دەگرێت، سەبارەت بە کۆمەڵێك ڕووداو و چالاکی بەرفراوان (Goldstein, 2019:34)، لەم بارەیەوە توێژەرێك بەناوی (أ.ڕ) دەڵێت: "خوێندکارمان هەیە توڕەبوون و هەڵچوونی هەیە، کێشەی خوێندکار لە پۆلدا و دڵەڕاوکێی زۆر بۆ نموونە خوێندکارێک هەیە لە پۆلی (١٠) زانستیە ئەڵێ مامۆستا توشی دڵەڕاوکێ بووم، هەروەها کێشەی قەلەقی پۆلی دوانزە هەیە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (چ.ج) دەڵێت: "دڵەڕوکێیان بەرامبەر نمرە و تاقیکردنەوەکان هەیە"، زیاتر لەوەش توێژەرێك بەناوی (ش.د) دەڵێت: "هەستکردن بە ترس لە هەموو کات و حالەتێکدا".
خوێندکاران لەم قۆناغەدا ترسیان بەرامبەر بە خوێندن هەیە، بەتایبەت نمرەکانیان، ئەمەش توشی دڵەڕاوکێیان دەکات بەهۆی ئەوفشارەی لەسەریانە لە لایەن خێزانەوە، ئەمەش توشی نیگەرانیان دەکات.

### ٥.٢.١ درەنگ خەوتن

بەپێی کەسایەتی و ژینگەی مرۆڤ، ڕەنگە خشتەی کارکردنی بەیانیان نموونەی نەبێت کە توشی زیادبوونی وزەی دەروونی و درەنگانی شەو دەبین، درەنگ خەوتن دەتوانیت ببێتە هۆی خەمۆکی و بەفیڕۆدانی ڕۆژەکە (Hally et ..al, 2012:50)، لەم بارەیەوە توێژەرێك بەناوی (ش.ن) دەڵێت: "لەناو خوێندنەگە کێشە هەیە ئەو کێشانەی کە زۆر کات خوێندکار درەنگ دێت بۆ خوێندنگە هۆکارەکەی زۆربەی ئەوانەن کە لە دەوامی بەیانیاندان ئەم کێشەیەیان هەیە، لەبەرئەوە درەنگ ئەخەون"، پاشان توێژەرێك تر بەناوی (ك.ه) دەڵێت: "کێشەی درەنگ خەوتنی خوێندکارمان هەیە".
تەکنەلۆجیا کێشەی دەروونی بۆ خوێندکار دروست دەکات ئەویش درەنگ خەوتن و بەکارهێنانی مۆبایلە تاوەکو درەنگانی شەو، ئەمەش لێکەوتی پەروەردەی لەسەر خوێندکار دروست دەکات چونکە شەو درەنگ خەوتووە ئەبێتە هۆی لاوازی تەرکیز و سەرنجاندان و، هەروەها ئامادەنەبوونی لە کاتی خۆیدا لە خوێندنگە.

### ٥.٢.٣ دەستبڕین و خۆبریندارکردن

خۆبریندارکردن، دەربڕینی نارەحەتی دەروونی توندە، کردەوەکە بەرامبەر بە خۆی ئەنجام دەدرێت، لەلایەن خۆیەوە بە مەبەستی یارمەتیدانی خۆی نەوەکو کوشتنی، بەجۆرێکی پارادۆکس زیان بە جەستە دەگەیەنێت، بۆ پاراستنی دەروونی (Sutton, 2000:6)، هەروەکو توێژەرێك بەناوی (ۆ.س) دەڵێت: "دەست برین هەبووە لەم تەمەنەدا کە تووشی کێشەی سۆزداری بوون پەنائەبەنە بەر دەست برین ئەمەش لە کچدا زۆرە"، لە لایەکی ترەوە توێژەرێك تر بەناوی (ی.م) دەڵێت: "هەوڵی خۆبریندارکردن و دەست برین ئەوە زۆرە، یەعنی هەست ئەکەم لەناو گەنجاندا زۆرە، وەکو حاڵەت".
بوونی فشار و کێشەی سۆزداری کاریگەری لەسەر خوێندکاران هەیە، بەشێوەیەک بۆ ئەوەی لە ڕووی دەروونیەوە ئاسودەبن ئەوا خۆیان بریندار دەکەن بۆ ڕزگاربوون لە فشارەکان، یان ئەو خوێندکارانەی کە بابەتی ناسنامەیان هەیە واتا خۆیان پرسیاریان هەیە لەخۆیان ئایا ژنم یان پیاوم، ئەمانە زیاتر هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئازاردانی جەستەی خۆیان، خەمۆکی قوڵیان هەیە.

### ٥.٣ سێیەم: لادانەکانی پەیوەست بە پەروەردە و فێرکردن

لادانە پەروەردەییەکان کێشەی ڕەفتارین، لە دیارترین لادانە پەروەردەییەکانی خوێندنگە ئامادەییەکان بریتیین لە:

### ٥.٣.١ نزمی ئاستی زانستی خوێندکار

هەندێک لە خوێندکاران لە خوێندندا شکست دەهێنن، زۆرجار مامۆستایان هۆکاری کێشەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ خراپی زانیاری و ناوەڕۆک یان خراپی هەوڵدان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ستراتیژیەتەکانی خوێندن (hetti et..al, 2007:628)، لەم بارەیەوە توێژەرێك بە ناوی (م.ع) دەڵێت: "سەعینەکردنی خوێندکارە

کورەکان لە قوتابخانە ئەمە سەرەکیترین کێشەیە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ک.ە) دەڵێت: "کێشەی سەعینەکردمان هەیە، واتە دابەزینی ئاستی زانستی خوێندکار"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ن.ع) دەڵێت: "دابەزینی ئاستی زانستی خوێندکار یەکێکە لە کێشە بەردەوامەکان کە هەمانە"، پاشان توێژەریك بەناوی (ن.ز) دەڵێت: "کێشەی لاوازی ئاستی خوێندکارمان هەیە".
ساڵ لە دوای ساڵ ئاستی زانستی و ئەکادیمی خوێندکار دادەبەزێت کە لێکەوتەی لەسەر پرۆسەی فێربوون هەیە، چەند هۆکارێک کاریگەری لەسەر لاوازی ئاستی زانستی خوێندکاران دەبێت، لەوانە دانەمەزراندنی کەسە نزیکەکانیان دوای تەواو بوونی خوێندن، هەروەها خراپی سیستمی پەروەردە لە ڕووی تاقیکردنەوەوە و، بایکۆتی مامۆستایان بە هۆی ئەو قەیرانە ئابووریەی کە لە ساڵی (٢٠١٤) لە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە کە بۆتە هۆی تەواو نەکردنی پرۆگرامی خوێندن، زیاتر لەوەش خوێندکار کێشەی لە شێوازی سەعیکردن هەیە یان شێوازی وەرگرتنی زانیاری هەیە، هەروەها شێوازی دابەشکردنی کاتیان هەیە ئەمەش کێشەیان بۆ دروست دەکات.

### ٥.٣.٢ وازهێنان لە خوێندن

وازهێنانی خوێندکاران ئاماژەیە بۆ باردۆخەی خوێندکار پێش تەواو کردنی مەنهەجی پێویست قوتابخانە جێدەهێڵێت، لە ئەنجامدا شکست دەهێنێت لە بەدەستهێنانی بڕوانامە یان بڕوانامەی هاوتا (Mahmood et..al, 2025:694)، لەم بارەیەوە توێژەرێك بە ناوی (ب.د) دەڵێت: "زۆرجار خوێندکار ژمارەی ڕۆژەکانی نەهاتنی زۆرە، واتە خوێندکارمان هەیە ژمارەی ڕۆژەکانی نەهاتنی گەیشتۆتە (١٧) ڕۆژ دوای نەخۆشبووە و (١٧) ڕۆژەکەشی تێپەڕاندووە وایلێهاتووە ئێمە چەندینجار ئاگادارمان کردۆتەوە نابێ لەوە زیاتر نەیەتەوە بۆ مەکتەب چونکە لە (٢٥) ڕۆژ فەسڵ ئەکرێت، نەهاتنیش بە هۆی نەخۆشی کۆرۆناوە لە چاو ساڵانی تردا زیادیکردووە، ئەگەر چی زۆرێکیان مۆڵەتیان وەگرتووە، هەشە کە شوبهەی لێکراوە و، نەچووە بۆ نەخۆشخانە چەند ڕۆژێك نەهاتۆتەوە کە زانیویەتی کۆرۆنا نیە هاتۆتەوە بۆ خوێندنگە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ک.ە) دەڵێت: " وازهێنانی خوێندکار لە خوێندن لێرە ئەمساڵ یەکێکە لە کێشەکان"، پاشان توێژەرێك بەناوی (و.ف) دەڵێت: "کێشەی نەهاتنەوەی خوێندکارمان هەیە"، لەلایەکی ترەوە توێژەرێك بەناوی (پ.د) دەڵێت: "خوێندکارمان هەیە واز لە خوێندن ئەهێنن".
بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری چەند لێکەوتەیەکی نەرێنی لەسەر خوێندکاران هەیە، بە جۆرێك بۆتەهۆی وازهێنان لە خوێندن، لەبەرئەوەی دوای تەواوکردنی خوێندن کەس نزیکەکانی خۆیان ئەبینن کە دانەمەزراون، ئەمەش توشی بێهیوای کردوون لە خوێندن، هەروەها بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری هەبووە لەسەر وازهێنانی خوێندکار لە خوێندن، جگەلەوەی وازهێنان لە خوێندن بەهۆی هۆکاری ئابوریەوەیە کە تێچوی خوێندنیان نەبووە.

### ٥.٤ چوارەم: لادانە ڕەفتارییەکان پەیوەست بە باروودۆخی ئابووری

ئەم کێشەیە کاتێک دروست دەبێت کە چەندین پێداویستی مرۆڤ تێر نەکرێت، ئەمە کێشەیەکی بەردەوامە لەبەرئەوەی سەرچاوە بەردەستەکان هەرچەندە هەمەچەشن و زۆربن، ناتوانن پێداویستیەکانی مرۆڤ کە بەردەوام هەمەچەشن و لە زیادبووندان دابین بکەن. پێداوسیتییەکانی مرۆڤ برتیین لە کاڵا و خزمەتگوزارییە بەردەستەکان، ئەم پێداویستیانە تایبەتمەندن لە ڕووی زیابوون و هەمەچەشن و بێکۆتایی. کێشەی ئابووری لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەیە، بەپێی ئاستی گەشەسەندن لە وڵاتە جیاوازەکاندا (عساف، ٢٠٢٣: ٣٢).
لەم بارەیەوە توێژەرێك بەناوی (ز.س) دەڵێت: "کێشەی هەژاریش هەیە"، هەروەها توێژەرێکی تر بەناوی (ن.ز) دەڵێت: "لاوازی ئاستی ئابووری تارادەیەك، کێشەی لاوەکییە بەڵام هەندێکجار گرفت دروست دەکات، زۆرجار خوێندکار ناتوانێت کرێی هاتوچۆ دابین بکات یان پێداویستیەکانی مەکتەب ئەڵێ مامۆستا من واز لە مەکتەب ئەهێنم لەبەرئەوەی ناتوانم پێداویستییەکانم دابین بکەم"، لەلایەکی ترەوە توێژەرێك بەناوی (ن.أ) دەڵێت: "خوێندکاری هەژارمان هەیە"، دواتر توێژەرێك بەناوی (ن.ع) دەڵێت: "کێشەی ئابووریمان هەیە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ع.ف) دەڵێت: " خوێندکاری هەژارمان هەیە"، پاشان توێژەرێک بەناوی (چ.ج) دەڵێت: "خوێندکاری کەمدەرامەتمان هەیە"، زیاترلەوەش توێژەرێك بەناوی (س.ل) دەڵێت: "هەندێك لە کورەکان بەهۆی ئەوە ناتوانن بژێوی ژیانیان لە لایەن خێزانەکانیانەوە دابین بکرێت خۆیان کاردەکەن"، دواتر توێژەرێك بەناوی (ش.ن) دەڵێت: "کێشەی ئابوریمان هەیە، بە جۆرێک کە خوێندکارەکە خۆی بەراور دەکات بە هاوڕێکەی و هەست بە کەمی دەکات".
خراپی باری ئابووری خێزان لێکەوتەی لەسەر خوێندکار هەیە، لە ڕووی دابینەکردنی کرێی هاتووچۆ و پێداوستییەکانی قوتابخانە، هەروەها هەندێك جاریش بەهۆی لاوازی باری ئابووری خێزانەوە خوێندکاران واز لە خوێندن دەهێنن.

## ٦ هۆکارەکانی لادانە کۆمەڵایەتییەکان

کێشەکانی خوێندکاران لە ناو خوێندگە یان دەرەوەی خوێندنگە، بەهۆی چەندین هۆکار و پاڵنەرەوە دروستبوون، ئەم هۆکارانە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دەرکەوتنی ئەو کێشانە لای خوێندکار، دواجار چەندین لێکەوتەی دەبێت لەسەر ژینگەی فێربوونی خوێندکار، لە خوارەوە ئەو هۆکارانە دەخەینە ڕوو لەوانە:

### ٦.١ یەکەم: کێشەی خێزانی

خێزان بریتییە لە دامەزراوەیەکی سەرەکی کۆمەڵگە کە لە دایک و باوك و منداڵ پێکهاتووە، کێشەکانی تایبەت بە خێزان دەکرێت لێکەوتە یان لەسەر لایەنی دەروونی و ئاستی زانستی خوێندکاران هەبێت، کاتێک کە منداڵ لە دایک ئەبێت، یەکەمین شوێن کە پێی ئاشنا ئەبێت خێزانە، خێزان یەکەمین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە، لە لێرەوە فێری بەها و دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان ئەبێت، بوونی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12329]
- **Submission Date:** [22/02/2026], **Revised Date:** [24/02/2026], **Accepted Date:** [12/4/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

پەروەردەیەکی تەندروستی منداڵ بە ستراوەتەوە بە خێزانەوە، هەروەک توێژەرێك بەناوی (س.ل) دەڵێت: "کێشەی خێزانی هەیە، ئەم خوێندکارانە زۆرتر یان دایکیان ئیهمالیان کردوون یان باوکیان، کێشە لە نێوانی دایک و باوک هەیە خوێندکار هاتووە بۆ لای من وتوویەتی مامۆستا لە تاو شەڕ و ئاژاوەی دایک و باوکم شەو هەتاوەکو بەیانی خەوم لێنەکەوتووە، یان خوێندکار هەیە ئەڵێت باوکم ژنی تری هێناوە سەردانی ئێمە ناکات ئەویش بەهەمان شێوە توشی جگەرە خوارد بووە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ن.أ) دەڵێت: "کێشەی خێزانی باوە و زاڵە ئەمەش وادەکات خوێندکاران تەرکیز و خولیایان بۆ خوێندن کەمبێتەوە و هەست بە ترس و پەستان زۆر بکەن"، زیاترلەوەش توێژەرێك بەناوی (ن.ع) دەڵێت: "کێشەی خێزانیمان هەیە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ن.ز) دەڵێت: "کێشە خێزانییەکان پەیوەندی نێوان خێزانەکان ئەگرێتەوە، وەکو پەیوەندی نێوان خوێندکارەکە بە دایك و باوکی"

کێشە خێزانییەکان کاریگەریان لەسەر توانی زانستی خوێندکار دروست دەکات، واتە ژینگەی خێزان هۆکارە بۆ لاوازی توانایی فێربوونی خوێندکار وەکو (شەڕ و ئاژاوەی ناوخێزان، جیابوونەوەی دایک و باوک)، بۆیە خوێندکار هەست بە کەم بوون ئەکات و، بەجۆرێک دەردەکەێت لە هەڵسوکەتیاندا یەکسەر بەهەموو شێوەیەک بەرپەرچ ئەیەنەوە.

هەروەکو توێژەرێك بەناوی (ک.ە) دەڵێت: "ئەتوانین بڵێین نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست لەلایەن دایک و باوکەوە بەرامبەر منداڵەکەی، نەبوونی زانیاریەکی پەروەردەیی، شارەزانەبوونی دایک و باوک لە قۆناغەکانی پەروەردەی منداڵ چونکە زۆربەی کێشەکان بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، وە ئێمە ئەوە ئەبینین ئەو خێزانانەی کە بەشێوەیەکی باش پەیوەندیان هەیە بە منداڵەکانیانەوە و تێئەگەن لێیان کێشەی منداڵەکانیشیان زۆر کەمە، بەڵام کە سەیری ئەو خێزانانە دەکەین کێشەی کۆمەڵایەتیان هەیە کێشەی ئابووریان هەیە دایک و باوک لە حاڵەتێکدان منداڵ گوێیان لێناگرێ منداڵەکانیان کێشەیان زۆرە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (گ.ل) دەڵێت: "زۆر لە کێشەکان بۆ بوونی ڕۆڵی خوێندکار و خێزانەکەی، ئەمەش مانای وایە خێزان خراپ منداڵەکەی کە خوێندکارەکەیە پەروەردەی دەکات و، وا دەزانێت پەروەردەکردنی منداڵ تەنها ئەوەیە پارەی پێبێت، واتە وادەزانێت دەبێت لە لایەنی مادیەوە بێت یاخود، بەداخەوە هەندێ خێزان لایەنی سۆز و خۆشەویستی فەرامۆش دەکەن یاخود تێنەگەیشتنیان لە منداڵەکە کە لە تەمەنی هەرزەکاریدا، پێویستە دایک و باوك وەکو هاورێ بن لەگەڵ منداڵەکە".

بونیادی هەموو کۆمەڵگەیەکی باش لە خێزانەوە سەرچاوە ئەگریت، کۆمەڵگەی کوردی هەمیشە شانازی بە خێزانەوە کردووە، بەڵام کاتێك خێزان بەرەو ترازان ئەڕوات، ئەوا چەندین لێکەوتەی لەسەر خوێندکار دەبێت، وە لەگرنگترین کیشەکان:

## ٦.١.١ جیابونەوەی دایک و باوک:

جیابوونەوە پێناسەدەکرێت بە هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری لە نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز واتە نێر و مێ، لە ئێستا جیابوونەوە و لێکترازانی خێزان زیادیکردووە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ناجێگیری باری دەرونی خوێندکار، هەروەکو توێژەرێك بەناوی (ش.د) دەڵێت: "جیابوونەوەی دایک و باوك کە زۆرجار کاریگەری ئەخاتە سەر خوێندکاران و باری دەروونیان ناجێگیر دەکات، چونکە ژینگەی یەکەمیان ماڵەوەیە"، پاشان توێژەرێك بەناوی (گ.ل) دەڵێت: "کە دایک و باوکەکە جیادەبنەوە منداڵەکە بە جێدەهێڵن لێکەوتەی خراپ لەسەر منداڵەکە یان خوێندکارەکە دروست دەکات"، دواتر توێژێك بەناوی (س.ل) دەڵێت: "جیابوونەوەی دایک و باوک واتە خێزان دەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنی دەرونی خوێندکار تێکبدات، بێزار و بێتاقەت بێت و، ئاگاداری وانەکەش نابێت و نایاتەوە بۆ خوێندن".

جیابوونەوەی دایک و باوک هۆکارێکە بۆ تێکچوونی باری دەرونی خوێندکار و دواکەوتی لە وانەکانیدا، چونکە خێزان یەکەمین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکەکان، کاتێك خێزان بەرە و لێکترازان و جبابوونەوە ڕۆیشت، ئەوا یەکەمین لێکەوتە دروستی دەکات لەسەر منداڵە.

## ٦.١.٢ پەروەردەی دکتاتۆری

هەندێك لە خێزانەکان پەروەردەیەکی توند پەیڕەو دەکەن لە کاتی پەروەردەکردنی منداڵ، یان بە مانایەکی تر، دایک و باوک دەیانەوێت منداڵەکەیان هەمان جۆری ئەو پەروەردەیە بێت کە لە سەردەمی خۆی دایک و باوکەکەی پێ پەروەردە کراوە، هەروەکو توێژەرێك بەناوی (ش.د) دەڵێت: "دانانی سنورێکی زیاد لە پێویست، هەروەها گرتنی خوێندکارەکان بەڕادەیەك هیچ ئازادیەکی نادرێ بە خوێندکارەکان، لە ژێر چەندەها ناونیشان ڕێگەی پێنادرێ ئەو شتانە بکات کە خۆی ئەیەوێ، ئەمەش شێواندنی باری دەرونی لێدەکەوێتەوە".

پەیڕەوکردنی پەروەردەی دکتاتۆری هۆکارێکە بۆ تێکچوونی باری دەرونی خوێندکار، بە شێوەیەک هەندێك لە خێزانەکان سنورێکی زۆر بۆ خوێندکار دادەنێن، ئەمەش وا لە خوێندکار ئەکات ڕەفتاری نەشیاو ئەنجام بدەن.

## ٦.١.٣ فەرامۆشکردنی مناڵ

دایک و باول بەهۆی سەرقاڵیانەوە کەمتر کاتیان بۆ منداڵ هەیە، ئەمەش ئەبێتە هۆی پشگوێختنی منداڵ، هەروەکو توێژەرێك بەناوی (ش.د) دەڵێت: "کەمتەرخەمی دایک و باوک بۆ منداڵەکان و گرنگیپێنەدانیان و ئیهمالکردنیان، کە زۆرجار دایک و باوکەکە بەدەم کێشەی خوێندکارەکان ناچن و لێپرسینەوەیان نییە بۆ هەر کارێک کە ئەنجامی ئەدەن"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (س.ل) دەڵێت: "گرنگی نەدانی هەندێک لە خێزانەکان بە منداڵەکانیان یان ئیهمالکردنی منداڵ ئەمەش وادەکات خوێندکار سارد بێتەوە هیچ پاڵنەرێکی نەبێت".

ژینگەی خێزان کاریگەری لەسەر ژینگەی فێربوونی خوێندکار هەیە، بە جۆرێک دایک و باوک خوێندکارەکایان پشتگوێخستووە و، کاتیان بۆ دانانێن، کاتێک دایک و باوک بە کارەکەیەوە سەرقاڵە یان بە بەکارهێنانی مۆبایل و ئینتەرنێتەوە، ئەوەندە سەرقاڵنییە بە منداڵەکەیەوە، تەنها بەخێوی دەکات، لێکەوتەکەی لەسەر خوێندکار ئەوەیە پاڵنەری بۆ هەوڵدان نەبێت.

### ٦.١.٤ هاوکارینەکردنی خوێندنگە (ئامادەنین بێن بۆ خوێندنگا) نەبوونی تەواوکاری وەزیفی لە نێوان خێزان وخوێندنگە

دایک و باوک زۆرجار ئامادەنین بێن بە دەم کێشەی منداڵەکەیانەوە و، کێشەکە پشتگوێ ئەخەن، هەروەکو توێژەرێك بەناوی (ک.ە) دەڵێت: "زۆرجار ئێمە لیژنە ئەنێرین بە دوای دایک و باوکدا ئامادە نین بێن بۆ مەکتەب بە تەلەفۆنیش قسەیان لەگەڵدا ئەکەیت زۆرجار یەعنی بە ڕاستی نایان بە دەمتەوە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر توێژەر هەیە، دواتر ئەکەوێتە سەر ویژدانی توێژەر  کە چەندێك لەگەڵ ئەم کەیسەدا بەردەوام بێت، ، کاتێك کێشەیەك ڕوودەدات بەش توێژەر بەتەنها ناتوانێت چارەسەری بکات، زۆر کێشە هەیە پەیوەندی بە لایەنی تریشەوە هەیە، زۆربەی کێشەکان پەیوەندی بە خێزانەوە هەیە ئەگەر خێزان هاوکار بێت ئەوە کێشەکە زۆتر چارەسەر دەبێت"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ش.د) دەڵێت: "دایك و باوکەکە نایەن بۆ خوێندنگا کاتیك بە خوێندکارەکە ئەڵێم دایك و باوکت بابێن و کارتەکەت بهێنەوە، ئەڵێ مامۆستا گیان ئێ ناتوانم پێت بڵێم دایك و باوکم شوێنیان لە کوێیە، دایك و باوکەکە لێپرسینەوەیان کەمترە".

نەبوونی هۆشیاری و پەروەردەیەکی تەندروست لە لایەن خێزانەوە، ئەبێتە هۆی ڕودانی کێشەکان، لەکاتێکدا دایك و باوک ئامادەنیین بێن بە دەم کێشەکەوە ئەمەش کاریگەری لەسەر  هەوڵەکانی توێژەریش دروست دەکات.

## ٦.٢ دووەم: مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

سۆشیال میدیا بریتییە لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە چەندین ئەپلیکەیشنی جیاواز لە خۆ دەگرێت، ئاسانکاری دەکات بۆ پەیوەندیکردن و فێربوون وەکو (سناپ چات، تیک تۆک، فەیس بووک، ئینستاگرام)،کە  لێکەوتەی ئەرێنی و نەرێنی هەیە لەسەر ژینگەی فێربوونی خونێدکاران لەناو خوێندنگە، سۆشیال میدیا ئەتوانێت لە ڕێگەی پلاتفۆڕمەکانیەوە بەکاربێت بۆ مەبەستی گەڕان بەدوای زانیاری و هاوبەشیکردنی کارەکانیان لەنێوان پەروەردەکاران و خوێندکاران، لەگەڵ ئەوەشدا سۆشیال میدیا هۆکارێکە کە ئاسانکاری کردووە بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی پەیوەندی دروست بکەن و لێکەوتەی دەروونی و سۆزداری دروستبکات لەسەر خوێندکاران، لەم بارەیەوە توێژەرێك بەناوی (ن.ع) دەڵێت: "تەکنەلۆجیا هۆکارە بۆ کێشەی سۆزداری زۆر"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ن.أ)دەڵێت: "بوونی حاڵەتی سۆزداری گەڕاندەوە بۆ تەکنەلۆجیا بۆتە هۆی نزیك بوونەوەیەکی زیاتری پەیوەندییەکان واتا لەبری ئەوەی لە ڕێگەی مەکتەبەوە ژوان ببەستن یان هەر کارێکیتر ئەوا لەڕێگەی مۆبایل و ئینتەرنێتەوە ئەوە دەکەن"، لە لایەکی ترەوە توێژەرێك بەناوی (ی.م) دەڵێت: "کێشەمان هەبووە مەسەلەن پەیج و ئەکاونت و شت دروستکراوە بەناوی کەسێکی ترەوە، داوای عیلاقەی کردووە و لە فلان و ئەو کەسە ئاگای لە هیچ نەبووە یاخود ڕەسمی بڵاوکراوەتەوە یاخود داوای کاری مۆبایلی کردبێت، ئەوەشمان هەیە، ڕەسمی دەمانچ و سیلاحی داواکردووە وتوویەتی ئەتکوژم باوکی کەسێکی عەسکەری بووە و هاتوونەتە ئێرە وتویانن شکاتئەکەین"، پاشان توێژەرێك بەناوی (ب.د) دەڵێت: "بەکارهێنانی مۆبایل و ئەو ئەپلیکەیشنانەی بەکاری دەهێنن زۆرجار توشی کێشە دەبن".

سۆشیال میدیا و بەکارهێنانی پلاتفۆرمە جیاوازەکانی، کە بەکاردێت لەلایەن خوێندکارانەوە هاوکاریی خوێندکاران دەکات بتوانن بەئاسانی پەیوەندییکەن بەیەکتریەوە و لە هەمانکاتدا پەیوەندی سۆزداری دروست بکەن، یاخود هۆکارێکە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە ئەکاونتی ساختە دروست بکەن، ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ کەسانی تر. ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا هاتووە، لە ڕووی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لێکەوتەی لە سەر ژینگەی فێربوونی خوێندکاران هەیە، هەروەکو توێژەرێك بەناوی (گ.ل) دەڵێت: "ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی کە بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا هاتووە بۆ نمونە بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت، بەشێوەیەکی زۆر خراپ بە ڕەچاوکردنی هیچ یاسایەك، ئەمەش لێکەوتەی خراپ لەسەر خوێندکاران دروست دەکات"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ش.د) دەڵێت: "خوێندکارەکە بەشێوەیەکی ناتەندروست مۆبایل بەکارئەهێنێت و زۆربە کاتەکانی بە بەسەربردنی مۆبایل بەڕێدەکات".

خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا هۆکارێکە بۆ دروستبوونی چەندین کێشە لە سەرەکیترین کێشەکان کێشەی سۆزداریە و، هەروەها بەکارهێنانی مۆبایل بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن خوێندکارەوە کە کاتێکی زۆر بەدیار مۆبایلەوە بەسەر ئەبات، ئەمەش ئەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تەرکیز و، نەبوونی کاری پێوست بۆ هەوڵدان.

لە ئێستادا بە تەنها خێزان سەنتەر نییە بۆ پەروەردەی خوێندکار، چەندین دامەزراوەی تر جگە لە (خوێندنگە و زانکۆ و کۆمەڵگە)، چەندین شوێنی تر بەشداری تێدا دەکەن، وەکو (هاوڕێ یان سۆشیال میدیا)، هەروەکو توێژەرێك بەناوی (ک.ە) دەڵێت: "کێشەکان پەیوەندیان بەوەوە هەیە کە بەشێکیان لە دەرەوەن چونکە ئەمڕۆ بڵێین کە ئەڕواتەوە بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ مۆبایلەکەی و هاوڕێکانی و خێزاندا هەیە، زۆربەتان ئاگاداری ئەوەن مۆبایل و سۆشیال میدیا، بەڕاستی بڵێین جڵەوی پەروەردەی وەرگرتووە ئەو ئەبیات بەڕێوە زۆرجار سەیرەکەیت لە مۆبایلا لە سۆشیال میدیا یەک کۆمێنت ئەنوسێ دێتەوە مەکتەب بەیانی لەسەر ئەو کۆمێنتە کێشە ڕوو ئەیات".

خێزان بەتەنها ڕۆڵی نییە لە ئاڕاستەکردن و پەروەردەکردنی خوێندکارەکە، بەڵکو سۆشیال میدیا ڕۆڵی زۆری هەیە لە ئاڕاستەکردنی خوێندکار، چونکە ئێستا سەردەمی تەکنەلۆجیایە، کە خوێندکار لە کولتووری جیاوازەوە زانیاری پێدەگات و لێکەوتەی لەسەر ژینگەی فێربوونی خوێندکار دەبێت.

## ٦.٣ سێیەم: هاوڕێی خراپ

لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هەرزەکار بوونی هاوڕێیە، لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و، ناتوانیت بە تەنها بژی، بەتایبەت قۆناغی هەرزەکاری، چونکە واهەستدەکات ئەوانیتر لێیتێناگەن، لەهەمان کاتیشدا هاوکێشە و گرفتن لەگەڵ هاوڕێکانیاندا، هەروەکو توێژەرێك بەناوی (پ.د) دەڵێت: "خوێندکار هەیە هاوڕێی خراپی هەیە و، دەیگەڕێنێتەوە هەمان ڕێگە، هاوڕێی خراپ یەکێکە لە بەڵا گەورەکانی ئەم سەردەمە".

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Website**https://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12329]
- **Submission Date:** [22/02/2026], **Revised Date:** [24/02/2026], **Accepted Date:** [12/4/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

هەڵبژاردنی هاوڕێ دروست یەکێکە لە ئەو هۆکارانەی کە ئەبێتە هۆی کە مرۆڤ بە گشتی کەمتر توشی هەڵە بێت، بەڵام ئەگەر لە هەڵبژاردنی هاوڕێدا دروست نەبێت خوێندکارەکە ئەوا ئاراستەی ئەکات بۆ کاری هەڵە.

## ٦.٤ چوارەم: پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکار

لەژێر ڕۆشنای ئاستی فێربوون کە بەردەوام نزمە لە زۆرێک لە ولاتانی تازە پێگەیشتودا، زۆر گرنگە کە ئاستێکی باشت بە دەست بهێنرێت، لەڕێگەی سیستمە جیاوازەکانی پەروەردەیی وەکو زانیاری مادی، پراتیکردنی پێداگۆجی یان هاندانی مامۆستایان ( Brunetti et..al, 2023:206)، لەم بارەیەوە توێژەرێك بەناوی (چ.ن) دەڵێت: "کێشەی قوتابی ڕازینە بوونە لە مامۆستای وانەکەی ڕەخنەگرتن لێیان و سەعینەکردنی خۆیان دەڵێن مامۆستاکان گوناهبارن کەیارمەتیمان نادەن ئەوان دەیانەوێت دەرەجە وەکو بایەعی وەرگرن"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (س.ل) دەڵێت: "بەشێک لە مامۆستا بەڕێزەکان لەوانەیە ڕەنگە ئەزموونیان وەکو پێوست نەبێت ڕەنگە تەدریسیان خوێندبێت بەڵام بە باشی پەیرەوی نەکەن زۆر بە باشی گوێ لە خوێندکارەکان ناگرن، هەندێ مامۆستاشمان کەم ئەزموونە و، هەندێک مامۆستاش دۆخی تەندروستیان باش نییە مەسەلەن کێشەی بیستنی هەیە کە بێگومان مادام کێشەی تەندروستی هەیە بێگومان کێشەی گەیاندنیشی هەیە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ز.س) دەڵێت: "خوێندکار کێشەی ئەوەی هەیە ئەڵێ تێناگەین هەندێ تەلەبە دەڵێن لە مامۆستا فلان تێناگەین و لە مامۆستا فیسار تێدەگەین، بەس لە پۆلێکدا (٣٠ بۆ ٤٠) تەلەبەی تێدایە یان (٢٨) تێدایە ئیتر هەموو مامۆستاکەیان بەدڵ نابێت".
کەمی ئەزموون و، پەیڕەونەکردنی تەدریس لەلایەن مامۆستاکانەوە لێکەوتەی ئەبێت لەسەر ژینگەی فێربوونی خوێندکاران، هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆری خوێندکار لە ناو پۆلدا هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی کە مامۆستاکان نەتوانن بە باشی وانەکانیان بڵێنەوە.

## ٦.٥ پێنجەم: کەمی یان نەبوونی توێژەر یان ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە خوێندنگەکاندا

توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵیان لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەرونی و کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکان لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە، لە ڕێگەی خزمەتگوزاری و ڕێنمایی پێوست بۆ تاکەکان و ئەو کۆمەڵگەیانەی کاریگەریان لەسەر ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان هەیە، یارمەتیان ئەدەن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ کێشەکان و باشتکردنی شێوازی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (المصري، ٢٠٢٤:١)، هەروەکو توێژەرێك بە ناوی (م.ع) دەڵێت: "کەمکردنەوەی ئەم کێشانە و دانانی توێژەر کارێکی زۆر باشە من کە یەکەم جار دامەزرام یاریدەدەر بووم لەو قوتابخانەیەی منی لێبووم توێژەر نەبوو لە ساڵی (٢٠٠٤، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦) زۆرترین کێشەی هەبووە بەردەوام ئیدارە پڕبوو لە خوێندکار، زۆرجار کێشەکانیان ئەبردە ئیدارە زۆرجار بە توڕەبوون کێشەکانیان بەڕێدەکردوو، خوێندکار هەبوو وازی لە مەکتەب ئەهێنا و هەبوو خۆی ئەسوتاند من کە بیردەکەمەوە خەفەت ئەخۆم ئەو کێشەی ئەوکاتە هەبوو زۆر بە ئاسانی چارەسەردەکرا"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (س.ل) دەڵێت:

"بوونی توێژەری کۆمەڵایەتی لە هەردوو ڕەگەزەکە هەبێت لە خوێندنگەدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خوێندکاران و ڕێنمایی کردنیان".
توێژەرەکان ڕۆڵێکی زۆر جدییان لە ناو خوێندنگەکان هەیە، زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایل و سۆشیال میدیا لەلایەن خوێندکارانەوە، پێویستی بە ڕێنمایکارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان هەیە، تاوەکو بتوانن چارەسەری کێشەکانی خوێندکاران بکەن و، لە پێویستی و کێشەکانیان تێبگەن.

## ٧ لێکەوتەی لادانە کۆمەڵایەتییەکان

لادانە (کۆمەڵایەتی، دەرونی، پەروەردەی، تەندوستی و ئابووری) خوێندکاران، لێکەوتەی لەسەر ژینگەی فێربوونی خوێندکار هەیە، هەر بۆیە ئەم لادانانە لێکەوتە و جێکەوتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەسەر ژیانی خوێندکار دروست دەکات کە بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:

## ٧.١ یەکەم: لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکان

دەکرێت کێشەکان لێکەوتەی لەسەر باری کۆمەڵایەتی خوێندکار هەبێت، لە ڕووی گۆشەگیری، تێکەڵنەبوونی لەگەڵ هاوڕێکانی و خێزانەکەی، لەم بارەیەوە توێژەرێك بەناوی (گ.ل) دەڵێت: "بێگومان ئەو لادانانە کە لێکەوتەی لەسەر خوێندکاران ئەبێت، هەتاوەکو کاریگەری ئەو لادانانە لەسەر خوێندکار لادەچێت زۆری پێدەچێت، وەکو گۆشەگیری کە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دائەبڕێت جا لەگەڵ ماڵەوە بێت لەگەڵ هاوڕێکانی لە دەرەوە یاخود خوێندنگە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ش.ن) دەڵێت: "تەبعەن لادانەکان کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خوێندکار هەیە، کاتێك ئەبینێت تەلەبەیەك لە خۆی باڵاترە بەزەیی بە خۆیدا دێتەوە، بۆ نموونە ئێمە ئەمساڵ خوێندکارێکمان وازیهێنا لەسەر ئەم کێشەیە، زۆر بەدواداچوونم کرد زۆر هەوڵمدا لەگەڵیا کە بیگەڕێنمەوە وتی مامۆستا من ناتوانم بخوێنم ئەبێ ئیش بکەم ژیانم دابین بکەم بۆ ئەوەی بتوانم وەکو هاوڕێکانم بجوڵێمەوە"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ب.د) دەڵێت: "زۆرجار خوێندکار کە کێشەیەکی ئەبێت بێگومان ئەم کێشانە کاریگەری دەبێ لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خوێندکارەکە بۆ نموونە ئەگەر ئەو کەسە کێشەیەکی سۆزداری هەبێ سەیرئەکەی لەماڵەوە توشی دابڕان ئەبێ یان دایکی و باوکی سزای ئەدا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەبێت لەسەر ئەندامانی خێزان بەیەکەوە یان جاری واهەیە لەبەرچاوی خوشک و برا بچووکەکانیان حاڵەتێکی وای بەسەر یەت"، پاشان توێژەرێك بەناوی (ش.د) دەڵێت: "خوێندکار هەیە جیابوونەوەی دایک و باوکی کاریگەری تێکردووە کات بووە بەعزە حاڵەتێك بەهۆی ئەوەی لای دایکی بووە لێپرسینەوەی زۆرتری لەسەر بووە و، ویستوویەتی بچێتەوە لای باوکی، هەروەها خوێندکار بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکی دابڕا لە خوێندنگە"، دواتر توێژەرێك بەناوی (أ.ر) دەڵێت: "ئەو کێشانە کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکار هەیە، هەندێك خوێندکار هەیە جوابی مامۆستا ئەداتەوە، بۆ نموونە لەم ڕۆژانەدا کێشە ڕوویدا لە نێوان مامۆستا و قوتابیەك هەموو پۆلەکە وروژا، خوێندکار تاقەتی

دەرسی نییە هەندێکجار کار لە مامۆستاکەش ئەکات و بیتاقەت ئەبێت لە پۆلدا".
کێشەکان کاریگەری لەسەر ژینگەی فێربوونی خوێندکار هەیە، لەبەرئەوەی ئەم کێشانە چ کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری کاریگەریە دروست دەکات لەسەر خوێندکار لەڕووی گۆشەگیربوونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانی، هەروەها هەڵسوکەوتی نەگونجاو لەگەڵ مامۆستاکەی لەناو پۆلدا، جگەلەوەی ئەبێتە هۆی وازهێنان لە خوێندن بەهۆی ئەوەی خوێندکار خۆی بەراورد دەکات لەگەڵ هاوڕێکانی کە لەڕووی ئابووریەوە لە خۆی ئاستی ئابووریان باشترە بۆیە واز لە خوێندن دەهێنن، هەر بۆیە کۆی کێشەکان لێکەوتەیان لەسەر باری کۆمەڵایەتی خوێندکار هەیە.

### ٧.٢ دووەم: لێکەوتە دەروونیەکان

کێشەکانی خوێندکار دەکرێت لێکەوتەی لەسەر باری دەرونی خوێندکار هەبێت لە ناو خوێندگە، ئەبێتە هۆی کەمکردنەوە ئاستی فێربوونی خوێندکار، لەم بارەیەوە توێژەرێك بەناوی (گ.ڵ) دەڵێت: "کێشەی باری دەرونی بۆ دروست ئەبێت دایم ڕەشبین ئەبێت و خۆی بە کەم ئەزانێت، ئەم کێشانە لەڕووی دەرونیەوە لێکەوتەی خراپ دروست دەکات"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (ب.د) دەڵێت: "خوێندکار زۆر نارەحەت ئەبێت و گرفتی دەرونی بۆ دروست ئەبێت، زۆرجار خوێندکار بیری لە خۆکوشتن کردۆتەوە، بیری لەوە کردۆتەوە خۆی لەناو بەرێ لەوەی لە دایکی یان باوکی بزانێ توشی کێشەیەکی سۆزداری بووە و لە خوێندنگە پێی زانراوە و بەڕێوەبەر زانیویەتی و محاسەبەکراوە"، دواتر توێژەرێك بەناوی (ن.ع) دەڵێت: "ئەم کێشانە لێکەوتەی خراپی هەیە لەسەریان بەتایبەت لایەنی دەرونی زۆرجار توشی خەمۆکی ئەبێت یان بیر لە هەوڵدان بۆ خۆکوژی ئەکاتەوە، یان خوێندکار ئەترسێت کاتێك کێشەیەکی لەگەڵ مامۆستاکەیدا بۆ دروست ئەبێت، ترسیشی لەوەیە مامۆستاکە ڕەفتاری لە گەڵیدا بگۆڕێت یاخود دەرەجەی لێبشکێت"، هەروەها توێژەرێك بەناوی (س.ل) دەڵێت: "هەندێک لەو کێشانەی کە خوێندکار هەیەتی لێکەوتەی دەبێت لەسەر خوێندنی و دواکەوتنی و، خوێندکاری خاوەن کێشە گرفتی دەرونی توش دەبێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵچوون و توڕەبوون و قسەی نەشیاو بە هاوپۆلەکانی". کێشەکان لێکەوتەی دەرونی زۆر بەجێدەهێڵن لە خوێندنگەکاندا، خوێندکار کاتێك توشی هەر لادانیەك ئەبێت لەم قۆناغەدا توانای بڕیاردانی نییە بەسەر ڕەفتارەکەیدا و ئارامناگرێت لەسەر ئەوەی چۆن بیر لە کێشەکە بکاتەوە و چارەسەری بکات، ئەمەش توشی باری دەرونی خراپی دەکات، کە زۆرجار توشی خەمۆکی دەکات و بیر لە هەوڵدانی خۆکوشتن دەکاتەوە.

### ٨ دەرئەنجامی توێژینەوە

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بەپێی ئامانجەکان گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

### ٨.١ بئامانجی یەکەم

دەرخستنی لادانە ڕەفتارییەکان لە خوێندنگەکاندا لێرەدا زۆرینەی لێتویژراوان ئاماژەیان بەوە کردووە کە باوترین لادانە ڕەفتارییەکانی ناو خوێندنگەکان بریتیین لە (بابەتە سۆزدارییەکان، جگەرەکێشان و ڤیپ و نێرگەلەکێشان، وازهێنان لە خوێندن، دەرەنگ خەوتن، بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، دڵەڕاوکێ، بیری خۆکوژی، هەوڵی خۆکوشتن، خۆکوشتن، دەستبڕین، خۆبریندارکردن، هاوڕەگەزخوازی، خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، نزمی ئاستی زانستی خوێندکار، هەژاری ، کێشە ئابوری و خێزانییەکان)، و ە ئامانجی

### ٨.٢ دووەم: جیاوازی لادانە ڕەفتارییە بەربڵاوەکان بەپێی جۆری خوێندنگەکان (کوڕان/ کچان)

بەو پێیە لێتویژراوان ئاماژەیان بەوە کردووە کە لادانە ڕەفتارییەکانی خوێندنگەی کوڕان (سەعینەکردن، وازهێنان لە خوێندن، جگەرەکێشان، دەرەنگ خەوتن، تێنەگەیشتن لە مامۆستا، ماددەی هۆشبەر، نەداری)، و هەروەها لادانە ڕەفتارییەکانی خوێندنگەی کچان (بابەتە سۆزدارییەکان، خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، نەداری، بیری خۆکوژی، جگەرەکێشان، دڵەڕاوکێ، وازهینان لە خوێندن، نزمی ئاستی زانستی، کێشەی خێزانی، هاوڕەگەزخوازی، خۆکوژی). بەڵام لادانە ڕەفتارییەکان لە خوێندنگە تێکەڵاوەکاندا بریتیبوون لە (بابەتە سۆزدارییەکان، جگەرە کێشان، ماددەی هۆشبەر، نەداری، وازهینان لە خوێندن، دڵەڕاوکێ، هەوڵی خۆکوشتن، دەستبڕین و خۆبریندارکردن، هاوڕەگەزخوازی). ئەم ڕەفتارانە وەکو لادان یان کێشە لە خوێندنگەکاندا لە لەلایەن مامۆستایان و هاوپۆلەکانیانەوە، سەیردەکرێن، بەجۆرێك ئەو ڕەفتارانە دەبنە لەکەیەک و ڕەفتارەکانیان لە قاڵب دەدەن. ئەم تیۆرییە ئاماژە بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگە لە بەرامبەر ئەو دووبارەبوونەوەیە ڕەفتاری لادان کە بەسەر تاکی سەرلێ شێواودا دێت کاتێک خەریکی ڕەفتارێکی پێچەوانەی نۆرمەکانی کۆمەڵگە دەبێت، یان کاتێک لادانێک بە هەڵە ڕوودەداو یان ئەنجام دەدات.
لە ڕوانگەی ئەم تیۆرە کۆمەڵگە لێبوردەیی نییە بەرامبەر تاکەکان، بەتایبەتی لاوازەکانی ناویان، کە بە لەکە (ناوناتووری جوراوجۆر یان دەکرین)، ئەمەش سەرسەختی و قبوڵکردنی ئەو ناوانەی پێیان لکێنراوە زیاتر دەکات، و تەنانەت هەوڵی پەرەپێدانیانی لادانەکان دەدەن، چونکە کۆمەڵگە ئەو بڕیاری داوە وەرتیکردوونەتەوە.

### ٨.٣ ئامانجی سێیەم: هۆکارەکانی لادانە ڕەفتارییەکان

بەپێی ئەم ئامانجە تێکچوونی ئەرکەکانی خێزان یان با بڵێین جیابونەوەی دایك و باوك، شێوازی پەروەردەی دایك وباوك، وهەروەها مۆبایل و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، فەرامۆشکردنی منداڵ، هەڵوەشانەوەی خێزان، هاوڕێی خراپ، نەبوونی هاوکاری و تەواوکاری وەزیفی لەنێوان خێزان و خوێندنگە.

### ٨.٤ ئامانجی چوارەم: لێکەوتەی لادانە ڕەفتارییەکان


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/)**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12329]
- **Submission Date:** [22/02/2026], **Revised Date:** [24/02/2026], **Accepted Date:** [12/4/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەرباری دەروونی وەکو (ڕەشبینی، خۆبەکەمزانی)، گۆشەگیری و دابڕانی کۆمەڵایەتی. ئەمە بەپێی تیۆری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی، بەهۆی لاواز بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەناو دامەزراوەکاندا، بۆیە هەر تێکچوونێک لە ئەرکەکانی ناو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئەوەی لەخێزاندا ئاماژەمان پێکرد، ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر ڕەفتاری کەسەکان و ئەندامانی خێزانەکە، سەر لێشێشواوییەکیان بۆ دروست دەبێت، ئەندامانی خێزانەکە یان کۆمەڵگەکە نازانن کام لەو بەهایانە کە دروست بووە یان هەیە پەیڕەو بکەن بەدەس بەهای دژ بە یەک دەناڵێنن ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوون و دڵەڕاووکێ و سەرلێشێواوی لە کردارەکانی تاکەکاندا، لە ئەنجامدا ئەو جوورانە لە لادان ڕوو دەدات.

## ٩ ڕاسپاردە

لە سەر بنەمای ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، ئەم ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو:

١. بەهەند وەرگرتنی ئەولادانە ڕەفتارییانەی لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەوە خراونەتەڕوو، لە خوێندنگە ئامادەییە حکومییەکانی شاری سلێمانی و هەوڵدان بۆ گرتنەبەری میکانیزمی گونجاو بۆ مامەڵە لەگەڵکردنی.

٢. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندی قۆناغی هەرزەکاری و گۆڕانکارییە فسیۆلۆجی و دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی لەلایەن توێژەرو خێزان و مامۆستا و بەڕێوەبەر و ستافی کارگێڕییەوە، زیاتر لەوەش ئەنجامدانی سیمینار و وۆرك شۆپ بۆ داییابان بەمەستی ئاشنا بوون بە تایبەتمەندییەکانی قۆناغی هەرزەرکاری و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەرزەکاردا.

٣. تێگەیشتن لە تایبەتمەندی خوێندنگەکان و بەهەند وەرگرتنی جیاوازی نێوانییان بە پێی جۆری خوێندنگەکە.

٤. گرنگیدان بە خێزان و پەروەردەی خێزانی، و بەردەوام چاودێری هەڵسوکەتی خوێندکاران.

٥. سنووردارکردنی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، وبەرزکردنەوەی هۆشیاری خێزان سەبارەت بە پەروەردەکردنی منداڵ و لە سەردەمی تەکنەلۆجیادا.

٦. وەزارەتی پەروەردە گرنگی زیاتر بدات بە دامەزرانی توێژەری کۆمەڵاتی و ڕێنمایکاری پەروەردەی کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێدانی ڕێنمایی و چارەسەرکردنی کێشەکان لە خوێندنگەکاندا هەیە.

## ١٠ پێشنیار

لە کۆتایی توێژینەوەکە پێشنیار دەکەین کە: توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجام بدرێت بەناونیشانی:

١. لێکەوتەکانی لادانی ڕەفتاری لەسەر کۆمەڵگە لە شاری سلێمانی.

٢. کاریگەری خێزان لەسەر لادانی ڕەفتاری لە خوێندنگە ئامادەییەکاندا.

٣.ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هەرلادانێکی ڕەفتاری لە خوێندنگەکاندا.

## ١١ سەرچاوەکان


١. الحربي، د. حنان صالح فهد (٢٠٢٠): الانحرافات السلوكية وأسبابها لدى طلبة المرحلة الثانوية في دولة الكويت (دراسة مسحية)، مجلة كلية التربية، جامعة الاسكندية، المجلد الثلاثون، العدد الأول.

٢. المغربي، د. عمر عبدالحميد مفتاح، د. عبدالسلام محمد مصباح بوكسينية (٢٠٢٥): مشكيلات السلوكية الإنفعالية و علاقتها بالانحراف لدى المراهق بالمدرس الثانوية من وجهة نظر معلمهم بيلدية اجدابيا – بدولة ليبيا، مجلة تنمية الموارد البشرية (للدراسات و لأبحاث)، العدد (٢٩).

٣. الفار، د. على محمود إسلام (بدون سنة): معجم علم الاجتماع، ط ٣، القاهرة، دار المعارف.

٤. السيد، سميرة أحمد (١٩٩٧): مصطلحات علم الاجتماع، ط١، المملكة العربية السعودية (الرياض)، مكتبة الشقري.

٥. الطينجي، بينة مطر، د. وفاء برهومي، (٢٠٢٣): أثر العنف الأسري على السلوك الانحرافه لدى طلبة المرحلة الإعدادية، مجلة الآداب، العدد ١٤٥.

٦. الغول، د. حسين علي (٢٠١٩): المشكيلات السلوكية لدى عينة من طلبة المرحلّة الإعدادية من وجهة نظر المعلمين والمعليمات، مجلة كلية الأداب، جامعة بنغازى.

٧. المياحي، ا. د. جعفر عبد كاظم، صبري عبدالله كاظم الركابي (٢٠١٣): السلوك العدواني لدى طلبة المرحلة الاعدادية، لارك للفلسفة وللسانيات والعلوم الاجتماعية، العدد (الثاني العشر).

٨. المصري، خولة جاد الله ابراهيم (٢٠٢٤): دور الباحث الاجتماعي في تقديم الدعم النفسي و الاجتماعي للمجتمعات المحلية، مجلة المجتمع العربي لنشر الدراسات العلمية، رقم (٥٠).

٩. الراية، ابتسال مهدي احمد (٢٠١٦): المشكيلات النفسية والاجتماعية لدى أبناء الشهداء والشهيدات وعلاقتها بالحرمان العاطفي، ماجستر، كلية التربية، الجامعة الإسلامية – غزة.

١٠. خلف، نعيمة زيدان، سحر حر مجيد، سنارية جبار محمود (٢٠٢٥): دور الظبط الاجتماعي في مواجهة الانحرافات السلوكية للطلبات، مجلة دراسات وبحوث التربية الرياضية،

١١. ورتيه، جان فرنسو (٢٠٠٩): ت. د. جورج كفورة، معجم العلوم الانسانية، ط ١، الامارات العربية المتحدة، المؤسسة الجامعية للدراسات.

١٢. دله، كنز حسن على منصور، مبروكة على محمد الفاخري (٢٠٢٢): بعض الانحرافات السلوكية كمنبى باسلوك الاجرامي لدي عينة من طلاب المرحلة الإعدادية من وجهة نظر المرشدين النفسين بمدارس سبها، مجلة جامعة سبها للعلوم الإنسانية، العدد ٢١.

١٣. سليمة، قاسي (٢٠٢١): مرحلة المراهقة: (المفهوم، الخصائص، الحاجات والمشكيلات)، مجلة التكامل في بحوث العلوم الاجتماعية و الرياضية، المجلد (٥)، العد: (٢) ديسمبر.

١٤. صباح، عربي (٢٠٢٠): المشكيلات الاجتماعية، دار المجدد للطباعة والنشر والتوزيع، الجزائر.

١٥. عبد، م.د. عقيل نجم (٢٠٢١): قياس مستوى الوعي الصحي لدى طلبة المرحلة الاعدادية، مجلة كلية التربية الاساسية، العدد (١١١)، المجلد (٢٧).

١٦. عساف، د،نزار (٢٠٢٣): مفاهيم والمصطلحات اقتصادية جديد، دار اليازوري.

١٧. غيث، د. محمد عاطف (بدون سنة): المشاكل الاجتماعية و السلوك الانحرافي، دار المعريفة الجامعية، اسكندرية.
١٨. غيث، د. محمد عاطف (٢٠٠٦): قاموس علم الاجتماع، دار المعريفة الجامعية، الاسكندرية.
١٩. قندوسي، سعدية (٢٠٢١): مرحلة المراهقة نظرياتها و خصائصها، مجلة التمكير الاجتماعي، المجلد (٠٣) / ديسمبر.
٢٠. كجمان، عائشة صالح محمد (٢٠٢٤): أنماط الانحرافات السلوكية المنتشرة بين تلاميز التعليم الأساسي بالمرحلة الإعدادية في بعض المدارس بمدينة بني وليد (دراسة ميدانية)، كلية التربية، الجامعة الأسمرية الإسلامية، المجلد (٥)، العدد (١).
٢١. مزكور، د. ابراهيم (١٩٧٥): معجم العلوم الاجتماعية، الشعبية القومية للتربية و العلوم و الثاقة، بدون
٢٢. محمد، ابتسام سعدون، مثال عبدالله غني العزاوى (بدون سنة): أنماط الانحرافات السلوكية لدى طلبة المرحلة الإعدادية وعلاجها في ضوء التربية الاسلامية، كلية التربية، الجامعة المستنصرية.
23. Anthony, Giddens (2009): Sociology, UK, Polity Press.
24. Braun, V. and Clarke, V. (2006) Using thematic analysis in psychology. Qualitative Research in Psychology, 3 (2). pp. 77-101. ISSN 1478-0887 http://dx.doi.org/10.1191/1478088706qp063oa
25.Brunetti, Aymo, Konstantin Buchel, Martina Jakobe, Ben jann and Daniel Steffen (2023): Inadequate Teacher Content Konwlege and What Could be done about it Evidence from Elisalvador, Journal development Effectiveness, Published online, UK.
26.BROZAND, LUDEK, DANIEL MUNSTER (2015): Suicide and Agency Anthropological Perspectives on Self-destruction, Personhood, and Power, ASHGATE.
27.D.Krohn, Marvin, Alan Lizotte,Gina Penly Hall (2009): Hand book on Crime and Deviance, New York, Published by Springer.
28. Goldstein, Gerald, Daniel N.Allen, John Deluca (2019): Hand Book of Psychological Assessment, Fourth Edition, Elsevier Academic Press, United Kingdom
29. HUGHES, MICHAEL, CAROLYN J.KROEHLER (2011): The Cor SOCIOLOGY, TENTH EDITION, NEW YORK, Published by McGraw – Hill.
30. Hetti, Chiara Meneg, Rossanq De Beni, and Cesare Cornoldi (2007): Strategic Knowledge Consistency in Students with good and Poor Study Skill, European Journal of Cognitive Psychology Psychology press Talor and Franas Group, UK.
31. Ilyas, Asim Ismail, Sattam Khalaf Sattam (1989): Sociological Term and Nation (for students of the social Servies Dept), مطبعة التعليم العالي, الموصل في الموصل.
32. J. Hally, THOMAS (2012): Concepts of Inteuigence, United Stated of America.
33. Medrado, Andreone Teles, Jaroslava Varella Valentova (2023): Homosexuality Natural or Unnatural, Springer Nature Switzland, https://www.researchgate.net/publication/374975314_Homosexuality_As_Natural_or_Unnatural.
34. Leone, Aldo, Linda Landin and Aurelio Leone (2010): What is Smoke? Sociocultural Dimensions of the Association with Cardiovascular Risk, Bentham Science Publisher Ltd, Vol. 16, N.23 https://www.researchgate.net/publication/44675532_What_is_Tobacco_Smoke_Sociocultural_Dimensions_of_the_Association_with_Cardiovascular_Risk
35. Mahmood, Senik Tahir, Hakim Qadir Taha and Mahmood Muhammed Hamza (2025): Causes of School Dropouts in the Kurdistan Region of Iraq in 2021, Journal of University of Raparin, Vol. 12, N.1.
36. Moore, O. A., Aguinis, H., & Darden, T. R. 2026. Defining, assessing, and reporting saturation in qualitative research: Review and recommendations. The Leadership Quarterly,37(2): 101950. https://doi.org/10.1016/j.leaqua.2026.101950
37. Prilardo (2010): Social Problem: Continity and Change, Minnesota Librarie, Minnesota.
38. R. Clifford, Shaw,Henry D.Mckay, (2010): Social Disorganization Theory, Thaousand Oaks, SAGE Publication
39. Sutton, Jan (2000): Healing the Hurt within Understand Self – Injury and Self Harm and the Emotional Wounds, American Psychiatric Association, The Guilford press, New York.
40.Travis, Hirschi (2010): Social Control Theory, Thaousand Oaks, SAGE Publication.
41. https://www.who.int/news-room/fact-sheets/detail/mental-disorders, Date of Enter: 16/2/2026
42. https://www.law.cornell.edu/definitions/uscode.php, Date of Enter: 16/2/2026
43. https://publications.univ-blida2.dz/documents/pdf197.pdf, Date of Enter: 20/2/2026.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12329]
- **Submission Date:** [22/02/2026], **Revised Date:** [24/02/2026], **Accepted Date:** [12/4/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

پاشکۆی ژمارە (1)
زانیاری نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| لێتوێژراو | ڕەگەز | تەمەن | ساڵانی خزمەت | باری کۆمەڵایەتی | ئاستی ئابوری | بەرواری چاوپێکەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چ.ج | مێ | | 17 | سەڵت | باش | ٢٠٢٢ |
| ن.ع | مێ | ٣٨ | ١٤ | سەڵت | باش | ٢٠٢٢/٥/١٤ |
| ش.د | مێ | ٣٩ | ١٧ | خێزاندار | باش | ٢٠٢٢/٤/١١ |
| ع.ف | مێ | ٣٦ | ١٣ | خێزاندار | باش | ٢٠٢٢/٤/١٠ |
| أ.ر | مێ | ٣٧ | ١٣ | خێزاندار | مام ناوەند | ٢٠٢٢ /٤/١٠ |
| گ.ل | مێ | ١٩٨٢ | ٢٠ | خێزار | باش | ٢٠٢٢ |
| ن.أ | مێ | ٣٥ | ١٣ | خێزاندار | باش | ٢٠٢٤/٤/١٩ |
| چ.ن | مێ | | ١٥ | سەڵت | باش | ٢٠٢٤/٤/٢٥ |
| ن.ز | مێ | ٣٦ | ١٣ | خێزاندار | باش | ٢٠٢٢/٤/١٨ |
| ب.د | مێ | ٥٧ | ١٥ | خێزاندار | ناوەند | ٢٠٢٢/٤/١١ |
| پ.د | مێ | ٣٩ | ١٤ | خێزاندار | باش | ٢٠٢٢/٤/١ |
| ز.س | مێ | 35 | 10 | سەڵت | باش | ٢٠٢٢ |
| س.ل | نێر | ٤١ | ٢٠ | خێزاندار | ناوەند | ٢٠٢٢/٤/١١ |
| ش.ن | مێ | ٤٠ | ١٦ | سەڵت | باش | ٢٠٢٢/٤/٢٤ |
| ك.ه | نێر | ٤٠ | ١٣ | خێزاندار | باش | ٢٠٢٢ |
| د.ل | نێر | ٤٩ | ١٣ | خێزاندار | ناوەند | ٢٠٢٢ |
| م.ع | نێر | ٣٨ | ١٣ | خێزاندار | ناوەند | ٢٠٢٢/٤/١٢ |
| و.ف | نێر | ٤٠ | ١٣ | سەڵت | ناوەند | ٢٠٢٢ |
| پ.م | نێر | ٤٥ | ٢٠ | خێزاندار | ناوەند | ٢٠٢٢/٤/١٣ |

پاشکۆ ژمارە (٢)
زانیاری لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| پ.ڕۆژهەلات | خوێندنگە | جۆری خوێندنگە | ژمارەی خوێندنگە | ژمارەی خوێندکار |
|---|---|---|---|---|
| | 1 | بنەڕەتی | 176 | 70618 |
| | | دواناوەندی | 1 | 976 |
| | | ئامادەیی | 45 | 16707 |
| | | فێرکردنی خێرا | 3 | 113 |
| | | خوێندنی ئیسلامی | 1 | 158 |
| | | پیشەیی | 1 | 146 |
| | | نەهێشتنی نەخوێندەواری | 1 | 24 |
| | کۆ | 7 | ٢٢٨ | 88742 |
| پ.ڕۆژئاوا | خوێندنگە | جۆری خوێندنگە | ژمارەی خوێندنگە | ژمارەی خوێندکار |
| | | بنەڕەتی | 264 | 104940 |
| | | دواناوەندی | 5 | 2030 |
| | | ئامادەیی | 69 | 28652 |
| | | فێرکردنی خێرا | 17 | 564 |
| | | خوێندنی ئیسلامی | 2 | 144 |
| | | پیشەیی | 9 | 3133 |
| | | کۆمەڵگەی پەروەردەیی | 2 | 3362 |
| | کۆ | 7 | 368 | 142825 |
| پ.ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا | خوێندنگە | جۆری خوێندنگە | ژمارەی خوێندنگە | ژمارەی خوێندکار |
| ڕۆژهەڵات | | بنەڕەتی | 176 | 70618 |
| | | دواناوەندی | 1 | 976 |
| | | ئامادەیی | 45 | 16707 |
| کۆ | | | 222 | 88301 |
| | | | | |
| ڕۆژئاوا | | بنەڕەتی | 264 | 104940 |
| | | دواناوەندی | 5 | 2030 |
| | | ئامادەیی | 69 | 28652 |
| کۆ | | | 338 | 135622 |
| | | | | |
| کۆپ.ڕۆژهەڵات | | | 222 | 88301 |
| کۆپ.ڕۆژئاوا | | | 338 | 135622 |
| کۆی گشتی | | | 560 | 223923 |


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12329]
- **Submission Date:** [22/02/2026], **Revised Date:** [24/02/2026], **Accepted Date:** [12/4/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

# الانحرافات السلوكية لدى طلبة المرحلة الإعدادية
# الاسباب والآثار
# بحث ميداني في المدارس الحكومية في مدينة السليمانية


**الملخص**

تُعدّ الانحرافات السلوكية في المرحلة الأعدادية قضية حساسة تؤثر على حياة المراهقين والعملية التعليمية. تهدف هذه الدراسة إلى عرض الانحرافات السلوكية لدى طلبة المرحلة الإعدادية في مدينة السليمانية، وتحديد هذه الانحرافات وتصنيفها وفقًا لأنواع المدارس (بنين، بنات)، مع الأخذ بنظر الاعتبار نظريات الوصم، والضبط الاجتماعي، والتفكك الاجتماعي. يعد هذا البحث من البحوث النوعيةوتم استخدام المنهج الوصفي التحليلي وجمعت البيانات من 19 مدرسة حكومية في محافظة السليمانية واستخدم الباحثون المقابلات مع عينة الدراسة التي شملت الأخصائيين الاجتماعيين في المدارس الاعدادية. وتوصلت الدراسة لعدة نتائج اهمها: تشير الدراسة الى ان أبرز أنواع الانحرافات السلوكية في المدارس الاعدادية هي: ( الانحرافات الناجمة عن العلاقات العاطفية بين الاولاد والبنات وسوء استخدام وسائل التواصل الاجتماعي، التدخين، التسرب من المدرسة، تدني التحصيل الدراسي، السهر، إيذاء النفس، الاكتئاب، الأفكار الانتحارية، الانتحار، تعاطي المخدرات، المثلية الجنسية). هذه النتائج تم تواجدها في المرحلة الاعدادية لمدارس (البنين والبنات)،وقد توصلت هذه الدراسة الى ان الانحرافات السلوكية في مدارس البنين: شملت (محاولات الانتحار، التسرب من المدرسة، التدخين، السهر)، بينما الانحرافات السلوكية في مدارس البنات شملت: (الانحرافات ذات الصلة بالمشاكل العاطفية، الانحرافات ذات الصلةبالمشاكل الاقتصادية، إساءة استخدام وسائل التواصل الاجتماعي، القلق، التدخين، تعاطي المخدرات، محاولات الانتحار). بالإضافة إلى ذلك، تشمل الانحرافات السلوكية في المدارس المختلطة (السلوكيات المنحرفة الناتجة عن العلاقات العاطفية بين الأولاد والبنات، والتدخين، وتعاطي المخدرات، ومحاولات الانتحار). أهم نتائج الدراسة هي أن التربية الأسرية وإساءة استخدام وسائل التواصل الاجتماعي هما السببان الأكثر وضوحا للأنحراف السلوكي بين الطلاب، وتوصلت الدراسة الى ان الاتحرافات السلوكية تكون لها أثاراً مختلفة على الجوانب النفسية والاجتماعية للطلاب مثل التشاؤم وتدني احترام الذات والشعور بالاضطهاد، وعدم الاختلاط بالأصدقاء والعائلة.



**مفاتيح الدراسة: الانحراف، الانحراف السلوكي، الانحراف الاجتماعي، المراهقون، المشكلات الاجتماعية.**


# Deviant behavior Among High School Students: Causes and Effects A field Study of Public Schools in Sulaimani


## Abstract

**Behavioral deviations during the high school stage represent a highly sensitive issue, given their direct impact on the lives of adolescents and the overall educational process. This research aims to identify, classify, and understand the nature of behavioral deviations among high school students in the city of Sulaimaniyah. The research is grounded in several sociological frameworks, including Stigma Theory, and Social Disintegration.**

**To achieve these objectives, this research is a qualitative and it used a descriptive-analytical methodology. Data was gathered from 19 public schools across the Sulaimaniyah Governorate; the structured interviews conducted the sample were school social workers.**

**The research reached several conclusions, most notably the identification of the most dominant patterns of behavioral deviation: Emotional instability and social media misapplication, Smoking, school dropout, and failure in academic performance, Sleep deprivation, self-harm, depression, and suicidal ide, Body abuse and issues related to sexual orientation.**

**The findings revealed a difference in these problems based on gender. In boys' schools, the most noticeable issues were suicide attempts, absence, smoking, and irregular sleep patterns. In girls' schools, deviations included emotional problems, problems relating to financial hardships and social media misuse, anxiety, smoking, drug use, and suicide attempts. Furthermore, in co-educational (mixed) schools, the study highlighted issues regarding problems related to interpersonal relationships between genders, smoking, drug use, and suicide attempts. The study's most significant findings indicate that upbringing, family environment, and social media misuse are the two most evident causes of deviant behavior among students. The study also concluded that deviant behavior has various effects on**

**students' psychological and social well-being, such as pessimism, low self-esteem, feelings of persecution, and social isolation from friends and family.**

**Keywords: deviance, behavioral deviations, social deviations, adolescents, social problems.**


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12329]
- **Submission Date:** [22/02/2026], **Revised Date:** [24/02/2026], **Accepted Date:** [12/4/2026], **Published Date:** [30/06/2026]